

*Lark Journal of Philosophy, Linguistics, and Social Sciences*

E-ISSN 2663-5836
P-ISSN 1999-5601
*Original Research*

Journal homepage: https://lark.uowasit.edu.iq

Vol. 18 No. 2 April 2026, pp.٣٧٥-٣٩٣

https://doi.org/10.3١١٨٥/lark.٥١٢٠

# The Theory of the Leisure Class and Qualitative Consumption in Thorstein Veblen's Thought: An Analytical Theoretical Study

**Abdalla Rasul Ababakr, Assis. Prof. Dr. Izaddin Abdulsamad Rasool**
**Department of Sociology, College of Arts, University of Salahaddin-Erbil, Kurdistan Region-Iraq**
**Department of Social Work, College of Arts, University of Salahaddin-Erbil, Kurdistan Region-Iraq**
**abdulla.ababakr@su.edu.krd**

Received Nov,2, 2025 | Revised Dec 7, 2025 | Accepted Jan15, 2026 | Online Apr.1, 2026

## ABSTRACT

Class differentiation encompasses social and cultural reflections. Thorstein Veblen conducts a detailed analysis of the leisure class in modern societies. According to his theory, the upper class possesses a distinctive cultural ownership that manifests in conspicuous consumption patterns and in the use of leisure time to display and signify social status. Within this framework, this class, through various factors, establishes values that are perceived as characteristic of society's upper echelons. From this perspective, other social classes attempt to emulate or identify with these values to attain the status of the upper class and present themselves as individuals with prestige and distinction.

The main objective is to determine what is meant by conspicuous consumption among the leisure class. Additionally, the study seeks to understand how leisure time becomes an instrument of conspicuous behavior among the upper class. This research adopts a qualitative approach, drawing on analytical methods, and examines Veblen's theory of the leisure class. Therefore, the primary research question concerns how Veblen analyzes the leisure class in modern societies and the manner and instruments through which this class manifests itself in relation to conspicuous consumption culture. Concurrently,

One of the principal findings of this research is that, according to Veblen's theory, the leisure class continuously demonstrates itself as the upper class through the ownership of material capital, particularly in modern industrial societies. Consequently, the upper class at that stage is situated at the apex of consumption. In this regard, they introduce specific values and standards related to this phenomenon into society. Simultaneously, the leisure class displays its prestige through the expenditure of time on elite sports and gatherings (such as horse riding, golf, and lawn tennis).

**Keywords**: Leisure Class, Conspicuous Consumption, Leisure Time, Imitation.

# نظرية الطبقة المترفة والاستهلاك النوعي في فكرة ثورستين فيبلن: دراسة نظرية تحليلية

**م. م. عبد الله رسول أبابكر١ ،أ.م. د. عزالدين عبدالصمد رسول٢**
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان-العراق
قسم العمل الاجتماعي، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان-العراق
***abdulla.ababakr@su.edu.krd***

## الملخص

التمايز الطبقي له انعكاسات اجتماعية وثقافية، لذلك يقوم ثورستين فيبلن (Thorstein Veblen) بتحليل مفصل للطبقة المترفة في المجتمعات الحديثة وفقاً لنظريته، وتمتلك الطبقة العليا ثقافة الاستهلاك الاستعراضي، وفي الوقت نفسه تستخدم قضاء أوقات الفراغ وسيلة لإظهار وإبراز المكانة الاجتماعية. في هذا الإطار تضع هذه الطبقة بمجموعة من العوامل، قيماً يُنظر إليها على أنها مميزة للطبقة العليا في المجتمع. من هذا المنظور، تحاول الطبقات الاجتماعية الأخرى محاكاة أو الارتباط بهذه القيم، بهدف الوصول إلى مستوى الطبقة العليا والظهور من مثل أشخاص ذوي مكانة ووقار.

والهدف الرئيسي في تحديد المقصود بالاستهلاك الاستعراضي لدى طبقة المترفة كما يهدف البحث إلى فهم كيف يصبح قضاء أوقات الفراغ أداة للسلوك الاستعراضي لدى الطبقة العليا. هذا البحث نوعي، يعتمد على المنهج التحليلي، ويسعى إلى تفسير نظرية الطبقة المترفة عند فيبلن. لذلك، يتمحور السؤال الرئيسي عن كيفية تناول فيبلن للطبقة المترفة في المجتمعات الحديثة، وبأي شكل وأدوات تُظهر هذه الطبقة نفسها في علاقتها مع ثقافة الاستهلاك الاستعراضي .

وتتمثل إحدى النتائج الرئيسية لهذا البحث في أن الطبقة المترفة، وفقاً لنظرية فيبلن، تستمر في إظهار نفسها على انها طبقة عليا بامتلاك رأس المال المادي، لا سيما في عصر المجتمعات الحديثة الصناعية. لذا تنخرط الطبقة العليا في تلك المرحلة في دوامة الاستهلاك المظهري، ومن أجل ذلك تُدخل قيماً ومعايير خاصة بتلك الظاهرة إلى المجتمع. وفي الوقت نفسه، تُظهر الطبقة المترفة تميزها بقضاء الوقت في الرياضات الراقية والنوادي والصالونات (مثل الفروسية، والجولف، والتنس الأرضي).

إذ فُجعَ كَثِيرٌ منهم بأحبائه موتًا وتغريبًا، وعكس شعورهم بالضّياع وسأمهم من الموت الّذي قدّد أوصال البلاد والعباد، وكذلك كانت الطّائفيّة وترًا يعزف ألحان الموت، ذلك الأمر الذي جعلهم يكتبون بمرارة، كما أنَّ للذّاكرة جزءًا من لواعج الشّاعر وأشجانه، إذ كانت خزانةً استدعى في أثناء مشاهد طفولته وقساوة الحياة، وذهبت الذّاكرة الى أبعد بكثير من كونها سجلًا لأحداث شخصيّة في نصوص شعرائنا لتصل إلى أيديولوجيّات موغلة في القدم، وشكّلت جزءًا من وعي الشّاعر، لتربط بين مآسي وآلام الحاضر والماضي للمجتمع العراقيّ، و قد ضمَّ هذا البحث ظاهرة الخوف التي مثّلت جانبًا مهمًّا من جوانب السّوداويّة، إذ جاء الخوف في الشّعر مقترنًا بحوادثَ سياسيّة أو اجتماعيّة واقعيّة، وارتبط الخوف أيضًا بالمستقبل المجهول الّذي يستفز المشاعر بالخطر الدّاهم.

**الكلمات المفتاحية:** : طبقة المترفة ، الاستهلاك الاستعراضي، أوقات الفراغ، التقليد

This work is licensed under a Creative Commons Attribution License (https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/) that allows others to share and adapt the material for any purpose (even commercially), in any medium with an acknowledgement of the work's authorship and initial publication in this journal.

**تیۆری چینی خۆشگوزەران و بەرخۆری ڕواڵەتیی لە هزری تۆرشتەین ڤێبلندا (توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە)**


پوختە

جیاوازی چینایەتی، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی هەیە، لەبەرئەوە تۆرشتەین ڤێبلن (Thorstein Veblen)، بەوردیی شیکاری چینی خۆشگوزەران لەسەردەمی کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا دەکات، بەبڕوای ئەو، چینی باڵایە کە خاوەندارییەتی کولتووری بەرخۆریی ڕواڵەتی دەکات، هاوکات کاتبەسەربردن وەکو هۆکاری دەرخستن و نیشاندانی پێگەی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنن، لەو نێوەندەشدا ئەو چینە بەڕێگەی کۆمەڵێک فاکتەر، برەو بەو بەهایانە دەدات کە وەکو چینی باڵای کۆمەڵگە بڕوای پێیەتی، لەو دەرچەیەشەوە، چینەکانی تری کۆمەڵگە هەوڵدەدن لاسایی یانیش پەیوەست بن بەو بەهایانە، تاوەکو بگەنە ئاستی چینی باڵا و بزاوتێک بکەن وەکو کەسانی خاوەن پێگە و شکۆ دەربکەون.

ئامانجی سەرەکی بریتییە لەوەی مەبەست لە بەرخۆریی ڕواڵەتیی لای چینی خۆشگوزەران چییە و چۆن ڕەنگدانەوەی لای چینی خۆشگوزەران هەیە؟. ئەم توێژینەوە چۆنایەتییە، بەپشت بەستن بە میتۆدی شیکاری، هەوڵدەدات تیۆری چینی خۆشگوزەران لای ڤێبلن شرۆڤە بکات، لەبەرئەوە پرسی سەرەکی بریتییە لەوەی ڤێبلن چۆن چینی خۆشگوزەران لەسەردەمی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان تاوتوێ دەکات و ئەو چینە بە چ شێوە و ئامرازێک بەرخودیان لەگەڵ کولتووری بەرخۆریی ڕواڵەتیدا هەیە.

یەکێک لە ئەنجامە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی چینی خۆشگوزەران بەپێی تیۆرەکەی ڤێبلن بەڕێگەی خاوەندارییەتی سەرمایەی مادیی بەردەوام خۆیان وەکو چینی باڵا نمایش دەکەن، بەتایبەتی لەسەردەمی کۆمەڵگە مۆدێرنە پیشەسازییەکاندا، لەبەرئەوە چینی باڵا لەو قۆناغەدا لە لوتکەی بەرخۆریدان و لەو پێناوەشدا بەها و پێوەری تایبەت بەو دیاردەیە دەخەنە نێو کۆمەڵگە. لەهەمان کاتدا، چینی خۆشگوزەران شکۆی خۆیان لە بەسەربردنی کات لە وەرزشە باڵاکان و یانە و دانیشتنەکاندا (وەکو ئەسپسواری، گۆڵف و تێنسی سەرزەویی)دا، دەبیننەوە.


وشە کلیلەکان: چینی خۆشگوزەران، بەرخۆری ڕواڵەتیی، کاتبەسەربردن، لاساییکردنەوە.

**پێشەکی**

پرسی چینایەتیی و جیاوازی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، لەنێوەندی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەمیشە جێگەی پرس و شیکارکردن بووە، ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتیی، کولتووریی و ئابوریانەی جیاوازی چینایەتی لەسەر کۆمەڵگە بەجێیدێڵێت، لەبەرئەوە بەپێی سەردەم و جیاوازی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان، تیۆرڤانانی بواری کۆمەڵناسی، دیدگا و گۆشەنیگای جیاوازیان خستوتە ڕوو، هەڵبەتە تێزەکانیش هەندێکجار بۆماوەیەکی زەمەنی زۆر، لەنێو کۆمەڵگە و زانستیشدا، شوێنگەی خۆی هەبووە. تۆرشتەین ڤێبلن (Thorstein Veblen)، یەکێکە لەو تیۆرڤانانەی بەبایەخەوە پرسی جیاوازی چینایەتی بەستوتەوە بە شێوازی ژیان و خۆشگوزەرانی چینەکان لەنێو کۆمەڵگەدا، بەهۆی ئەوەی سەردەمی ڤێبلن هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی سیستەمەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەکان، ئەوە زیاتر وایکردووە ڤێبلن قوڵتر تێزەکانی دەربارەی چینەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی چینی خۆشگوزەران بخاتە ڕوو. تەنانەت ڤێبلن، بۆئەوەی تێزەکەی ڕوونتر بکاتەوە، لەڕەهەندی مێژووییەوە باسی پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان و وەرچەرخانی شێوازی ژیانی چینەکان دەکات، ئەمەش وایکردووە لەسەردەمی کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، وردتر باسی چینێک بکات کە ناوی ناوە چینی خۆشگوزەران و بیبەستێتەوە بە کولتووریی بەرخۆریی و بەسەربردنی ژیان، بەشێوەیەکی چێژبەخشانە، لەو پێناوەشدا، چینەکان بۆئەوەی پێگە و شکۆی خۆیان دەربخەن، خاوەندارییەتی مادیی دەخەنە خزمەت خۆشگوزەرانیی و بەسەربردنی کات، بەشێوەیەکی چێژخوازیانە.

**تەوەری یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە، بەپشت بەستن بە میتۆدی شیکاری، هەوڵیداوە پارادایمی ڤێبلن بۆ چینی خۆشگوزەران و کولتووریی بەرخۆریی، شرۆڤە بکات، بەسروشتی خۆی ئەم میتۆدە تێزی سەرەکی تیۆرڤان و کۆمەڵناسێک وەردەگرێت و کەلێن و وردەکارییەکانی تاوتوێ دەکات، هاوکات ئەو میتۆدە هاریکارە لە لێکدانەوە و پێکەوەبەستنی چەمکەکان، بەمەبەستی پەرەپێدان و هێنانەکایەی دیدگا و تیۆری نوێ، لەبەرئەوە ئەم میتۆدە یارمەتیدەر بوو لەوەی چینی خۆشگوزەران و چەمک و زاراوەکانی پەیوەست بەو تێزە، بەپشت بەستن بە سەرچاوەکان و نووسینەکانی ڤێبلن، بەشێوەیەکی وورد بخاتە ڕوو. هاوکات میتۆدی شیکاری جەخت لەسەر تێگەیشتنی تیۆریانە دەکات لەمەڕ ڕووداو و دیاردەکان، لەنێوەندی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەو نێوەندەشدا دیدگای ڤێبلن بۆ بەرخۆریی ڕواڵەتیی چەقی توێژینەوەکەیە، کە میتۆدی شیکاری تیادا بەکار هاتووە.

**دووەم: پرسی توێژینەوەکە**

پرسی توێژینەوە، لەنێوەندی توێژینەوەی شیکاریدا، دیاریکەری هەنگاوەکانی توێژەرە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە تێزی سەرەکی ڕوون بکاتەوە و کۆمەڵێک ئەنجامی لۆژیکی بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوە پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی ڤێبلن چۆن لەدەرچەی جیاوازی چینایەتییەوە تیۆری چینی خۆشگوزەران دادەڕێژێت و بەچ شێوەیەک خۆشگوزەرانی دەبەستێتەوە بە کولتووری بەرخۆریی ڕواڵەتیی مانای تایبەت لای چینی خۆشگوزەران وەدەست دێنێت، هاوکات ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی چینی باڵا لەنێو کۆمەڵگەدا لەسەریان دەڕۆن چۆنن و بەچ شێوەیە پەیوەندیان هەیە بە خاوەندارییەتی سەرمایەی مادییەوە و دەبنە بنەمای وەدەستهێنانی شکۆ و پێگە لە کۆمەڵگەدا، هاوکات پرسێکی تر ئەوەیە کە چینەکانی تری کۆمەڵگە بە چ شێوەیەک لاسایی (Imitation)، چینی باڵا و خۆشگوزەرانی نێو کۆمەڵگە دەکەنەوە و چۆن بەهایەکان وەکو بەهای باڵای کۆمەڵگە دەبینن. هەموو ئەمانە پرسگەلی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەن.

**سێهەم: گرنگی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆرییەوە، گرنگیەکی تایبەتی هەیە لەوەی کە شیکردنەوە و ڕاڤەی تیۆرێک دەکات دەربارەی چینایەتیی و چینی خۆشگوزەران لەنێو کۆمەڵگەدا، کە وەکو یەکێک لە پێشەنگەکانی تیۆری کۆمەڵناسی هەژمار دەکرێت لە سەدەی بیستدا، ئەو تیۆرەش وەکو بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت بۆتێگەیشتن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و کولتووری چینە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرئەوە دەرخستنی وردەکاریی و کەلێنەکانی ئەم تیۆرە لەنێوەندی کارێکی ئەکادیمیدا گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە، لە هەمان کاتدا دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی بابەتەکەش، لەکاتێکدا بەپێی زانیارییەکانی توێژەر هێشتا کاری ئەکادیمیی و بەپێز لەبارەی ئەو تیۆرەوە نەکراوە، لەبەرئەوە شیکاریی و ئەنجامە لۆژیکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی زانستی و گرنگی هەیە.

**چوارەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١-ڤێبلن چۆن شیکاری چینی خۆشگوزەران دەکات و دەیبەستێتەوە بە خاوەندارییەتی سامانی مادیی؟

٢-مەبەست لە بەرخۆریی ڕواڵەتیی چییە و ماناکانی لای چینی خۆشگوزەران چین؟

٣-چۆن کاتبەسەربردن دەبێتە ئامرازی نیشاندانی شکۆ و پێگەی کۆمەڵایەتی ؟

٤-لاسایکردنەوەی چینی خۆشگوزەران چییە و چۆن لەنێو کۆمەڵگەدا دەبنە بەهای باو؟

**تەوەری دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:**

**یەکەم: تۆرشتەین ڤێبلن و سەرگوزشتەی ژیان و هزریی**

سەردەمی لەدایکبوون و قۆناغەکانی ژیانی تۆرشتەین ڤێبلن، بەیەکێک لە سەردەمە هەستیار و پڕ گۆڕانکارییەکان دادەنرێت، لەبەرئەوەی گۆڕان و فۆڕمە نوێیە کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و ئابوورییەکانی ئەو سەردەمە بەتەواوی بەسەر هزر و دیدگاکانی ڤێبلن ڕەنگدانەوەیان هەیە.

تۆرشتەین باندی ڤێبلن، لە ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی 30 تەمووزی 1857 لە خێزانێکی نەرویجی لەدایکبووە، ناوی یەکەمی تۆرشتەین بە مانای کوڕی تۆڕ دێت( یەکێکە لە خواوەندە بەهێزەکانی ئەفسانەی نەرویجی). کوڕی چوارەمی خێزانەکەیەتیی و لە تەمەنی حەوت ساڵی خێزانەکەی ڕوو دەکەنە ویلایەتی مینێسۆتا لە ئەمەریکا، لەکێڵگەیەکی بچوکی کشتوکاڵی نیشتەجێبوون(Bozkaya, 2015: 8).

ئەو سەردەمەش سەردەمێکی پڕ ئاڵۆزیی و ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەمریکی بوو. لەسەرەتاکانی ژیانی ڤێبلن، ئەمریکا زیاتر کۆمەڵگەیەکی شێوەی کشتوکاڵی هەبوو، بەڵام لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا، بەتەواوی بوو بە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازیی و تەنانەت پێشەوای وڵاتانی پیشەسازیی بوو، کە تیایدا سەردەمی بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ و بەکارهێنانی بەکۆمەڵ دەستیپێکرد. ئەو گۆڕانکاریەش وایکرد کە ڤێبلن گەواهی دوو قۆناغ بێت، کە یەکێکیان زەویی و زار وەکو قازانجی بازرگانی، لەسەر ئاستە پیشەسازییەکەیی و، دووەم زەویی و زار وەکو ئامرازی بژێوی ژیانی جوتیاریی، کە هەردووک ئاستەکە لە قۆناغەکانی نووسین و لێکدانەوەکانیدا ڕەنگدانەوەیان هەبوو و شوێنگەی خۆیان بەجێهێشت. لەلایەکی تریشەوە، تەنانەت هاوسەرگیریی کردنی ڤێبلن، ڕۆڵی هەبوو لە گەشەکردن و بیرکردنەوەی، چونکە هاوسەرگیریی لەگەڵ بنەماڵەیەکی بازرگاندا کرد، هاوکات بنەماڵەی هاوسەریی هەم بازرگان بوون و هەمیش بەشێکی زانکۆی کارڵتۆنیان بەڕێوە دەبرد، کە ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو زانیاری زیاتر دەربارەی سەرمایەداریی ئەمریکیی و ڕکابەری سەختی نێوان کۆمپانیاکان بەدەست بهێنێت.

ڤێبلن، لە تەمەنی 17 ساڵی لە زانکۆی کارڵیتۆن دەستی بەخوێندن کرد، هەر لەو قۆناغەدا خوێندنی ئابووری نیوکلاسیکی بەقوڵی خوێند، لێرەوە کارە هزریی و ئەکادیمییەکانی خستە ڕوو. هاوکات لەو قۆناغە بەدوای ڤێبلن لەڕووی هزرییەوە کاریگەر بوو بە هەریەکە لە: هێربرت سپنسەر، کارڵ مارکس، ماکس ڤێبەر و چارڵس داروین[1]. لەبەرئەوە لەناواخنی کارەکانیدا لەهەندێک ڕووەوە کاریگەری هزری ئەو بیرمەندانەی بەسەرەوە دەردەکەوێ(Toğan, 2024: 12-).

لەلایەکی تریشەوە، سەرەتای ساڵانی 1890 بزووتنەوەی کشتوکاڵی ئەمریکی گەیشتە لووتکە، کە ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن کرێکاران و جوتیارانەوە پشتگیریی دەکرا، لەبەرامبەر زیادبوونی کاریگەرییەکانی سەرمایەداریی و مۆنۆپۆڵی بازاڕی کار، لێرەوە ڤێبلن زۆربەی چەمکەکانی وەرگرت و ڕەخنەی سەرمایەداری ئەمریکی کرد. تەنانەت، ڤێبلن بەتەواوی سەرمایەداری پیشەسازیی ڕەتکردە و بەسیستەمێکی مۆنۆپۆڵکەر و دەسیسەی سیاسییەکانی دەزانی. واتا ساڵانی نێوان 1860-1890 بەقۆناغی هەڵبەزودابەز و پێکدادانی دونیای سەرمایەداریی و کشتوکاڵی دادەنرێت، چونکە لەو قۆناغە بەدواوە کشتوکاڵ بەتەواوی پاشەکشەی کرد و سیستەمی سەرمایەداری جێکەوت بوو، کە ڤێبلن سەرمایەداریی بە سیستەمێک دادەنا، بۆ خزمەتی تاکەکەسێکە و مەترسییە بۆسەر کۆمەڵگە، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای موڵکایەتی تایبەت سیستەمەکە گەشەیەکی ناسروشتی دەکات، لێرەوە ڤێبلن ئاماژەی بەوە کرد کە سیستەمەکە لەبنەڕەتەوە سیستەمێکی بەفیڕۆدەرە، لەبەرئەوە ڤێبلن بڕوای بەوە نەبوو کە ئەو سیستەمە نوێیە باشترین سیستەم بێت بۆ داهاتوو(Edgel, 2015: 3-8). دروست لەو سەردەمە و لەکاتی سەروکارە هزرییەکانی لەگەڵ فەلسەفە و پرەنسیپە جیاوازەکانی بواری ئابوری، ڤێبلن لە ساڵی 1899 یەکێک لە گرنگترین کارەکانی خۆی نووسی، ئەویش کتێبی

[1]. ڤێبلن بەگشتی لە نووسینەکانی زۆرتر کاریگەر بوو بە سپێنسەر و داروین، لەبەرئەوە لە بیرۆکەکانیدا ڕەنگدانەوەی تەواوەتی ئەوانەی بەسەرەوەیە، بەتایبەتی لەپرسی پەرەسەندنی مێژووی مرۆییدا، ئەو پێی وابوو، بەرئەنجامی مانەوە بۆ باشترین لە پرۆسەی کاریشدا، بەرکارە، واتا ئەوەی بەکەڵک بێت، لە کۆمەڵگەدا دەمێنێتەوە، شتە بێکەڵکەکانیش دەبنە ڕووداوی مێژوویی، کەوایە لەدیدی ئەودا پرۆسەی گۆڕانکاریی، شتێکی بەردەوام و هەرمانە( Veblen, 1899).

(تیۆری چینی خۆشگوزەران)(The Theory of Leisure Class)بوو، گەرچی لەسەرەتاکاندا، وەها بیر دەکرایەوە کە ژیان و بیرۆکەکانی ڤێبلن، هاوکات ئایدیاکانی دەربارەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی و سیاسی ئەوکاتە لە پەراوێزدا دەمێننەوە و گرنگیەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام لەڕاستیدا ژیان و ڕووداوەکانی، گرنگییەکی تایبەتیان هەیە و داتای گرنگ دەداتە دەستەوە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ئابووری ئەو سەردەمەی ئەمریکا و گەشەی سیستەمی سەرمایەداریی ( Kızılkaya, 2001: 39).

ڤێبلن، لە 3ی ئابی 1929 لە کالیفۆرنیا بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد. ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئەو خەمۆکیە قوڵەی کە پێش کۆچی دوایی تووشی هاتبوو، هەر لەو ساتەشدا بوو، تێبینیەکی بەجێهێشت، وەکو یاداشت نووسیی، لەو یاداشتەدا دەڵێ: ئەگەر مردن بە ئاسانیی و لەکاتی خۆیدا بگات، ئاواتەخوازم بە ئاسانترین شێوە بێت، ئاواتەخوازم لاشەکەم بسوتێنرێت، بەبێ هیچ ڕێورەسمێکی ئاینیی و نەریتی، هەروەها ئاواتەخوازم خۆڵەمێشەکەم لە دەریادا، یانیش لە ڕووبارێکدا بڵاوبکرێتەوە کە دەڕژێتە ناو دەریا، ئارەزووی هیچ جۆرە گڵکۆ و نیشانەیەک ناکەم، هیچ وێنە و شوێنەوارێک بەهەر شێوەیەک بێت، بوونی نەبێت. وەسیەتەکەی وەکو خۆی بەجێهێنرا و خۆڵەمێشەکەی فڕێدرایە ناو زەریای هێمن(Bozkaya, 2015: 25).

**دووەم: لەدایکبوونی چینی خۆشگوزەران لای ڤێبلن**

بوونی چینی کاتبەسەربەر و خۆشگوزەران، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە، نەک تەنها لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگە، بەڵکو تەنانەت لەسەر ئەو تاکانەشی، کە کۆمەڵگەکە پێکدەهێنن. ئەو چینە، هەر کە مەیلێک، خواستێک و ئارەزویەکی تایبەتی وەکو جۆرێک لە یاسا پەسەند کرد، کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر ئەوانەی قبوڵی دەکەن، چونکە تاڕادەیەکی دیار خاوەنی بیرکردنەوە لە قاڵب دەدات و چاودێریەکی تەواو بەسەر پەرەسەندنی مەیل و ئارەزووەکانی تاکەکاندا دابین دەکات، بەشێکی زۆری ئەو کاریگەریانەش لەڕێگەی گونجانێکی ناچاریانە و سەرکوتکەرانە دەسەپێنێت. بەمشێوەیە چینی خۆشگوزەران، لەڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوریی خۆیدا، لەکۆمەڵگە پیشەسازییە مۆدێرنەکاندا، دەبنە فاکتەری ناچاریانەی ئەو میتۆدەی کە تاکەکان دەبێت خۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن (Veblen, 2005: 145).

بەکارهێنانی تیۆری چینی خۆشگوزەران و بەکاربەری ڕواڵەتی، لەسەر بنەمای سەرهەڵدان و پەرەسەندنی چینی خۆشگوزەرانە، کە ئەندامەکانی بەپێی ڕەوشی باو، پێویست ناکات کار بکەن، بەڵکو لەسەر بنەمای زیادە بەرهەمێک، کەلەلایەن کەسانی کارکەرەوە، کە چینی خوارەوە بەرهەمی دەهێنن، لەسەرپێ دەوەستن(Trigg, 2001: 100).

لە ڕەوتی مێژوودا، پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسەیە کە سروشت و خووەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە، لەژێر فشاری هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاریان بەسەردا دێت. گۆڕینی خوەکانی بیرکردنەوەش هاوتایە لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنی پرۆسەی دامەزراندنی هەندێک نەریت و یاسا، بەپێی خواست و قۆناغە مێژوویی و هەڵکەوتەی واقیعی بەرقەرار. گۆڕانی پێویستیەکان، بەپێی دۆخی بەرهەم هاتوو، نەک هەر تەنها خوەکانی گۆڕیی، بەڵکو گۆڕانی پێویستیەکان، هەندێک گۆڕانکاری لە سروشتی مرۆڤەکانیشدا هێنایە کایەوە (Veblen, 2005: 146).

بۆ ئەوەی بە وردی لە پرس و بابەتی چینی خۆشگوزەران بگەین، پێویستمان بەوەیە کە لەڕووی مێژووییەوە، گەشە و فراوانبوونی کۆمەڵگەکان بخەینە ڕوو، چونکە لەبنەڕەتدا چینی خۆشگوزەران لەناو کۆمەڵگە شێوە سادەکاندا نەبووە. لێرەوە ڤێبلن جیاوازی دەکات لەنێوان کۆمەڵگەی سەرەتایی-سروشتی و دڕندەکاندا، لەکۆمەڵگە سروشتیی و سەرەتاییەکاندا، کە کۆمەڵگەی بچوک و جێگیرن، هەژار و لەهەمووی گرنگتر کۆمەڵگە و گرووپی ئاشتیخوازن. لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا بەشێوەیەکی ڕوون و دیار هیچ جۆرە موڵکایەتییەکی تایبەت نییە و هیچ ئاماژەیەکی چینایەتیی و جیاوازیی چینایەتی نابینرێت، هەرچەندە بەکۆمەڵگەی ئاشتیخوازیش دادەنرێن، بەڵام لێرەدا چینی خۆشگوزەران بوونی نییە. بەبڕوای ڤێبلن سەرهەڵدانی چینی خۆشگوزەران، بەرەبەرە لە گواستنەوە و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە سروشتیی و ئاشتیخوازەکانەوە بۆ کۆمەڵگە بەربەریی و شەڕانگێزەکان دێتە کایەوە .(Veblen, 2005)

لەو نێوەندەشدا گەشەسەندن و زیادبوونی چینی خۆشگوزەران لەکۆمەڵگە بەربەرییەکاندا دەتوانرێت لە سێ قۆناغدا کورت بکرێنەوە: قۆناغی یەکەم لە کولتووریی بەربەریدا-بۆ نموونە لەنێو هۆزە ڕاوچییەکانی ئەمەریکای باکووردا-هەرچەندە لەو قۆناغەدا فۆرمەکانی جیاوازی چینایەتیی و چینی خۆشگوزەران، بەشێوەیەکی زەق ڕەنگدانەوەیان نەبوو، بەڵام سەرەتای نیشانەکانی جیاکاریی چینەکان دەرکەوتن. گرنگترین ڕەنگدانەوەکەش بریتیی بوو لە جیاکاری نێوان ژن و پیاو، لەنێو ئەواندا سەرهەڵدەدات، لەو فۆرمەی کۆمەڵگەیەدا، ژنان خەریکی کاری بەرهەمداریی دەبن و پیاوانیش خەریکی چالاکییەکانی وەکو جەنگ، ڕاوکردن، ئایینداریی و وەرزش دەبن. ئەوە سەرەتا و دەستپێکی نیشانەکانی درووستبوونی کاتبەسەربردن و خۆشگوزەرانین وەکو چێژ. لە قۆناغی دووەمدا، جیاکاریی چینایەتیی و چێژخوازی ئاستێکی خەستوخۆڵی وەرگرت-بۆ نموونە کۆمەڵگەی کۆنی ئایسلەندا-کاری دەستیی و بەرهەمداریی، لەلایەن کۆیلەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و کەسانی بێدەسەڵات و ژنانەوە ئەنجام دەدرا. ئەوانەشی لە پۆلێنبەندیەکەدا، کەمێک لەسەرووی چینی خوارەوەی کۆمەڵگەدان، بەشداریی جۆرە چالاکییەکی ڕاستەوخۆیان دەکرد، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کار و پیشەی چینی خۆشگوزەرانەوە هەبوو، لە نموونەی پاراستنی چەک، چاودێریکردن و بەخێوکردنی ئەسپەکان. لەکۆتاییدا، ئەوانەی سەربەچینی خۆشگوزەران بوون، وەکو پادشا، سەرۆکی هۆز و خێڵە بەهێزەکان، ئەوانە ئارەزووی چالاکییەکانی بەڕێوەبردن، ئایین، وەرزش و چالاکییەکانی شەڕ دەکەن. لێرەوە، بەرزترین شێوەکانی چینی خۆشگوزەران لە قۆناغی کۆتایی کولتووری کۆمەڵگە بەربەرییەکاندا دەبینرێن، لە نموونەی کۆمەڵگەکانی ئەورووپای فیودالّی، ژاپۆن، کە جیاوازیی نێوان چینەکان لە ئاستێکی بەرزدایە. هەموو ئەو جۆرە جیاکارییە، بەپێی قۆناغەکان و سەردەمە جیاوازەکان، لەسەر بنەمای بەرهەم هێن و کەسانی نابەرهەم هێن، درووست دەبن(Veblen, 1899: 9-14).

بەبڕوای ڤێبلن، لەو سەردەمانە بەدواوە، سەرهەڵدانی چینی خۆشگوزەران، هاوکاتە لەگەڵ خاوەندارییەتی تاکەکەسی، لە پرۆسەی پەرەسەندندا. چەمکی موڵکایەتی یا خاوەندارییەتی کردن، کە لەشێوازی ژیانی تاڵانکاریی و بەربەریدا، بە ئارەزووی دەستگیرکردن و دەستەمۆکردنی ژنە دیلەکان وەکو جۆرێک لە هێز و هاوکات یادگاری سەرکەوتن دادەنرا، دەستی پێکرد، ئەمەش بەتێپەڕبوونی کات، بازنەی خاوەندارێتی کردنی فراوانتر کرد، قازانج، داهات، کۆکردنەوە و پاشەکەوت کردن، لەڕێگەی هەموو شێوە و جۆرەکانی خاوەندارییەتی موڵکەوە، هەم ئارەزوویی ئاسودەیی و هەمیش ئارەزووی باڵادەستیی/هێزیی زیاتر کرد. لە دەرئەنجامی ئەو گەشەسەندنەدا، بەبڕوای ڤێبلن، موڵکایەتی تایبەت و خاوەندارییەتی کردنی، بوونە نیشانە و هێمای ڕێزگرتنی کەسەکان، کە وەکو پێوەرێکی سەرەکی ڕێزلێنان دەبینران، گەرچی ئەو جۆرە لە پێوەردانانە لەبنەڕەتدا نادروست و هەڵەیە(Veblen, 1899 :27-32).

لە سروشتی شتەکاندا، هەموو جۆرە ئاسودەیی و خۆشگوزەرانییەک بۆ چینی باڵا {خۆشگوزەران} دیاری کراوە، لەسەرەتای گەشەسەندنی ئابووریی و بەرخۆریی بێسنووری کاڵاکان، بەتایبەتی کاڵا بە کوالێتیی و بەبەهاکان، کە زیاتر بۆ بەرخۆرییە تا پێداویستی، تایبەتن بە چینی خۆشگوزەران. لەبەرئەوەی بەکارهێنانی ئەم کاڵا کامڵ و بەنرخانە ڕێز بە خاوەنەکانیان دەبەخشێت، هاوکات بەڵگەیەکن بۆ دەڵەمەندیی و سامانداریی، لەبەرئەوە خۆلادان لەو کاڵایانەی وەکو جۆرێک لە کەموکوڕی دادەنرێت و مانای ئەوە دەدات سەر بە چینی خوارەوەیت. لەو نێوەندەدا، لە کۆمەڵگەدا، خۆلادان لە کارکردن بە چڕیی و بەشێوەیەکی نەریتیانە، نیشانەی سەرکەوتنی مادیی و ڕێزلێنانە، لەکاتێکدا ئەنجامدانی کاری بەرهەم هێنان مانای هەژاریی و ملکەچی چینی خوارەوەیە. لێرەوە، لەناو کۆمەڵگەدا بەرخۆریی لە کاڵا و کەلوپەلەکان، لە دەرەوەی بەرهەم هێنانی مادیی، لەسەرەتادا شکۆ دەبەخشێت، هاوکات بە ئەنجامی ئازایەتیی و بەهای مرۆڤ دادەنرێت، لەهەمان کاتدا، بەکارهێنانی هەموو ئەو کەلوپەلانەی کۆمەڵگە ئیرەیی پێدەبات، بەشێوەیەکی سروشتی ڕێز بەدەست دەهێنێت(Veblen, 1899). لەلایەکی تریشەوە، ڤێبلن ئاماژەیەکی قوڵ بە چینی بەرخۆران{خۆشگوزەران} دەدات، بەوەی ئەو چینە لەهەناوی کۆمەڵگەی مۆدێرندا، لە هەموو بیروباوەڕ و کردارە باوە تەقلیدییەکان جیابوونەتەوە، چونکە ئەوە ناوبانگی خراپیان پێدەدات، لەبەرئەوەشە ئەوان ڕووبەڕووی

فشاری فکریی و ڕۆحی تایبەتی کۆمەڵگەی پیشەسازیی و ڕێکخراوە مۆدێرنەکان بوونەتەوە، ئەوە وای کردووە، هیچ وزەیەک لە کاری خۆنەگونجاندندا بەفیڕۆ نەدەن(Veblen, 2005: 209). لەو نێوەندەشدا، کاتێک چینی خۆشگوزەران بەتەواوی فراوان بوون، وای کرد پەیوەندیان بەیەکەوە زیاد ببێت و کارلێک لەگەڵ هاوتاکانی خۆیاندا بکەن، لەدەرئەنجامدا بوە هۆی ئەوەی ژینگەیەکی جیاواز و گونجاو درووستبکەن، بۆ مەبەستە شکۆدارییەکەیان، ئەمەش مەیلێکە بۆ تەکینەوە و دوورخستنەوەی توخمەکانی تری کۆمەڵگە لەو بارودۆخە، تەنانەت وەکو بینەرێک کە داوای پەسندکردن یا ڕەتکردنەوە دەکەن، دادەنرێن (Veblen, 1899: 187).

خاڵی بنەڕەتی هزری ڤیبلن لە دوو ئاستدا دەبینرێت، ئاستی یەکەم، ئەوەیە کۆمەڵگە وەکو بوونێکی پەرەسەندوو دەناسێنێت، بەو مانایەی بەرەبەرە فۆرمی نوێ و سستەمی نوێ تیایاندا سەرهەڵدەدات، ئەمەش دەرچەی هزرەکانیەتی دەربارەی پرۆسەی چینایەتی و چۆنیەتی سەرهەڵدانی، ئاستی دووەم لەمیانەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان، ئاماژە بۆ درووستبوونی سیستەمی چینایەتی دەکات، چونکە لە کۆمەڵگە سروشتییەکان، لای ئەو، چینەکان بوونیان نەبووە، کەواتا بەرخۆریی و ئاماژە و شێوەکانیش لەنێوەندی ژیاندا ڕەنگدانەوەیان نەبووە، بەڵام بەرەبەرە و دوای خاوەندارییەتی کردن و، هاوکات سەرهەڵدانی پرەنسیپی هێز وەکو پرسێکی ئەخلاقی، وایکرد چینی خۆشگوزەران بێتە کایەوە، لەگەڵ هاتنەکایەی چینی خۆشگوزەران، فۆڕمەکانی بەرخۆریی و چێژی کاتبەسەربردن وەکو ئاماژەی چینایەتی برەویان پەیدا کرد.

**سێیەم: لۆژیکی پارە و کۆمەڵگەی چینی خۆشگوزەران**

پۆل و گرووپەکانی چینی خۆشگوزەران، زیاتر بریتیین لە: موڵکدار، ساماندار، قەشە و خزمەتکارەکانیان. کار و پیشەکانی ئەم چینە، گەرچی فرە چەشنن، بەڵام تایبەتمەندیی ئابووریی و شێوازی ژیانی هاوبەشیان هەیە، کە زیاتر ناپیشەسازییە. ئەو کارانەی کە چینی باڵا و چینە ناپیشەسازییەکان دەگرێتەوە، زیاتر سەرقاڵی کاری کارگێریی، جەنگ، دەسەڵات، پراکتیزەکانی ئاینیی و وەرزشن (Veblen, 2005: 223).

چینی خۆشگوزەران و کاتبەسەربەر، خاوەنی دوو تایبەتمەندیی سەرەکین، یەکەمیان بریتییە لە بەسەربردنی کات و دووەمیان بریتییە لە بەرخۆریی ڕواڵەتی، لێرەدا مەبەست لە کاتبەسەربردن جۆرێک نییە لە بێکاریی یانیش تەمبەڵیی، بەڵکو بەمانای بەکارهێنانی کاتە لەشێوەی کارێکی بێ بەرهەم و پووچ، بەڵام چالاکیەکە ئاماژەی چینایەتی هەیە و نیشانەی هێز و خاوەندارییەتی سامان و داراییی. لەلایەکی ترەوە، ئەندامانی ئەو چینە بەشداری هیچ جۆرە چالاکیەک ناکەن کە ڕاستەوخۆ بەشدارییەکی مادیانە بێت لە پێشخستنی ژیانی مرۆییدا، بەڵام کار و کردەی چینی خۆشگوزەران، پەیوەستە بە پرۆسەکانی فێربوونەوە، واتا لەو چوارچێوەیەدا ئەندامەکان لەسەر بنەمای فێربوون، خۆگونجاندنیان هەیە لەگەڵ یاسا ڕەفتارییەکان، ئەمەش پێویستی بە بەسەربردنی کات و خەرجییەوە هەیە، بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ئاماژە و نیشانەکانی چینی خۆشگوزەران Özbey, 2020: 53).
(

وەکو شێوەیەک لە شێوەکانی چین، لەناو کۆمەڵگەدا، چینی خۆشگوزەران لەڕووی مادییەوە هیچ شتێک بەرهەم ناهێنن، بەڵام بوونی خۆی وەکو چینێکی باڵا و خاوەن پێگە، لە کۆمەڵگەدا دەپارێزن، لەڕێگەی سەرمایەی بەردەستەوە. لەو جۆرە چینانە، کۆمەڵێک پیشەساز و بەهرەدار شوێنگەیان هەیە، وەکو خزمەتکار، ژنی ماڵەوە و ڕاهیبەکان. ئەوەشیان پێویستی بە کات و پەروەردەکردن هەیە، بەڵام هەبوونی ئەمانە لەناو ماڵدا و بۆ خێزانێک کە کار ناکەن، وا دەکات خۆشگوزەرانییەکەیان بەهێزتر و چینەکەیان پایەدارتر بێت(Kanacı, 2018: 79).

کاتێک بەگشتی پێوانەکردنی بەها و پێگەی کەسی، لە سیستەمی دراویدا ئەنجام دەدرێت، کە ئەوەش لەسەر بنەمای جیاکاری چینایەتی دامەزراوە، بەهێزترین هێز لەو ساتەدا، بریتییە لە لاسایی-تەقلیدکردنەوە. لەڕاستیدا ئەوە، یاسای سەلیقەی کۆمەڵگەیە، کە نیشانی دەدات، چی وەکو بابەت و کاڵای پێشچاو دەردەکەون و متمانەپێکراون، لەم ڕوانگەیەوە ڤیبلن کۆمەڵێک

نمـوونـه لەسـەر کـۆمەڵگەی ئەمریکـی دەهێنێـتەوە، لە جلـوبەرگی ژنـانەوە، بـۆ کـایەی ئـایینی و لەوێشـەوە بـۆ جـۆری ئـاژەڵە پەسندکراوەکان(Veblen, 2005).

بەبڕوای ڤێبلن، سوودی کاڵایەک لەنێو ژیانی ڕۆژانەدا، ئەوەندە لەسـەر بنەمـای جوانییەکەی هەڵسـەنگاندنی بۆ ناکرێت، بەقەدەر ئەوەی هەستکردن بە خاوەنداریەتیی و ئیمتیازی کـاڵایەکەیە. پێوەریش بۆ هەسـتکردن بەو ئیمتیـازە، نرخـی کـاڵاکەیە، تـا گرانتـر بێـت، زیـاتر سەرنجڕاکێشـتر دەبێـت و چێـژی زیـاتر دەدات. هەروەهـا بـۆ نمـوونـە، ئەو جـۆرە گـوڵانەی گەشـەکردن و گەورەکردنیان ئاسـانە، لەهەمـان کاتیشـدا هەرزانـن، هەرچەنـدی جوانیش بنـوێنن، بەڵام لەلایەن چینـی بـاڵاوە، بەکارنـابرێن. پرسـی بەرخۆریی ڕواڵەتیی تەنانەت لەنێوەندی ئاینیشدا ڕەنگدانەوەی هەیە، وەک شوێنە ئاینییەکان و پەرستشـەکان، لەشێوەی نمایشـکردن و پێشـچاوی بونیـاد دادەنـرێن، پیـاوانی ئـاییني بەردەوام جلـوبەرگی ستایشـکراو لەبەردەکەن، هەروەهـا زۆربەی کاتەکەیـان وەکـو کاتبەسـەربردنی بـێ بەرهەمـی چینـی خۆشـگوزەران، ئەوانـیش لە پەرستشـەکاندا بەسـەریدەبەن. تەنـانەت ڤێبلن، بـڕوای وایە، کە سـەلیقەی ئاژەڵـداریش بە یاسـا دراوییەکـان بارگـاوی کـراوە، لەبەرئەوەیە ئـاژەڵە بەرهەم هێنەرەکـانی وەکـو پەلەوەر، بەراز و مەڕومـاڵات بەگشـتی بەجـوان دانانـدرێن و بەکارنـابرێن. لەجێگەی ئەوە، چینـی باڵا[خۆشـگوزەران]، ئەو ئـاژەڵ و باڵنـدانەی کە بێبەرهەمن، لە نموونەی باڵندەی قەفەس، تووتی، پشیلە و سـەگ، بەکـار دەهێنن و وەکو هێمـای بـاڵا وێنایـان دەکەن. تەنـانەت لەنێو ئاژەڵە بێبەرهەمەکانیشدا جیاکاری دەکرێت، بۆ نموونە سەگ لە پشیلە بەلایەنەوە باشترە، چونگە سەگ بەگوێڕایەڵتر و دڵسۆزتر بۆ خاوەنەکەی دادەنرێت، لە هەمان کاتدا، سەگی ڕاوکردن، غەریزەی درندەیی لە خاوەنەکەیدا تیژ دەکـات، لەبەرئەوە ئەو ئـاژەڵانەی کە وەکو بەراوردکردنی باڵادەستی بۆ مرۆڤەکـان وێنـا دەکرێت، بەلایـانەوە پەسندترن. لەلایەکـی ترەوە، ئەسپ بەهۆی خێرایـی و توانای کۆنترۆڵکردنی، وەکو هێمای هێزی دادەنرێت و جێگەی ڕەزامەندییە(Dever, 2022: 89).

هەسـتی جـوانیش، لەبـارەی ئـافرەتەوە، بەپێـی یاسـاکانی پـارەدارییەوە، شـێوەی گرتـووە. لەو کۆمەڵگەیـانەی بەرخـۆریی ڕواڵەتـی ئـامرازی ڕێـز و پـێگەی بەهێـزە، ئـافرەتی ئیـدیاڵ کەسـێکی ناسـک و دەسـت و پـێ بچـوکە، ئەمەش ئامـاژەی ئەوەیە کە جـوانی نیشـانەیەکە بۆ پـارەداریی و توانـا داراییەکـانی تیـادا بەکـار دێت، نەک بەهۆی بەهرەمەنـدی و توانـای خـۆیەوە بێت. لەو نێوەنـدەدا، تەنـانەت جلـوبەرگیش، بەر ئەو پێـوارانە دەکەون، ئەویـش بەو مانـایەی کە جلـوبەرگی بـێ پەڵە و ڕێـک، ئامـاژەن بـۆ دەرکەوتنـی جەستەیەکی ڕێک و جوانی جەستەیی.

کولتووری پارە، لۆژیکێک بەرجەستە دەکات، کە بەرهەمە دەستییەکان بە باشتر لە بەرهەمە درووستکراوەکان دابنـرێن، چونکە کاری دەستی نوێنەرایەتی ئۆرژینالیی و بەسەربردنی کاتێکی زۆر دەکات، هەروەها لەو ڕێگەیەوە مرۆڤ ناتەواوییەکـانی خۆی تێر دەکات و هەستی باڵادەستی دەداتێ. سەرباری ئەوانەش، فێربوون و قسەکردن بە زمانێـک کە نەمـاون و بەزمـانی مـردوو دادەنرێن یانیش قسەیان پێناکرێت، وەکو کارێکی پڕ شـکۆ دادەنرێن، لەبەرئەوەی ئەوە دەردەخـات بۆ کەسـەکە کە زمـانێکی دێـرین قسە پێدەکات و دەنووسێت، نیشانی دەدات کە لەبەفیڕۆدانی کاتەوە فێری بووە.

لێرەوە، ڤێبلن ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک سەیری دۆخی هەردووک چینی کرێکار و چینی خۆشگوزەران دەکەیت، دەبینی کە هێز و پێکدادان لەنێویاندا بەدی ناکرێت، واتا پەیوەندییەکان توندئاژۆ نین، بەهۆی ڕەوشـەکەیانەوە پەیوەنـدییەکی هـاوبەش هەیە، بەڵام نەبینراوە و بەئاسانی هەستی پێناکرێت، بەڵام چینی خوارەوە، هەڵپەی چوونە چینی سەرەوە دەکات. لەوەشدا مەبەستیان نییە، چینی باڵا بهێننە خوارەوە، بەڵکو مەبەستیان سەرکەوتن و گەیشتن بە چینی باڵایە. بەمانایەکی تر، گەیشتن بە چینی باڵا، ئـارەزووی هەمـووانە، بـوونە بازرگـان و خـاوەن موڵـک غەریزەیەکـی سروشتییە، لەبەرئەوە خەڵـک بەردەوام وێنـا دەکەن، ڕۆژێـک ئەوانـیش دەتوانن بگەنە ئەو پێگەیە و بەرەو چینی باڵا سەربکەون(Özbek, 2019: 23).

ڕەهەنـدی پـارەداریی و خاوەنـدارییەتی سـەرمایەی مـادیی، بنەمـای خۆشـگوزەرانیی و دەسـتگرتنە بە بەرخـۆریی، چـونکە بەپێـی دیدگاکانی ڤێبلن، لۆژیکی پـارە تەنـانەت سـەلیقەی گشـتی کۆمەڵگەش ئاراسـتە دەکـات، لەبەرئەوە چینەکـانی سـەرەوە، هەمیشـە ئەو

لۆژیکە وەکو حوکمێکی کولتووری بەکار دەهێنن، بەمەبەستی دەرخستنی جیاوازی چینایەتیی و پێگەکەیان، لەلایەکی ترەوە، بۆ برەودان بەو بەها و سەلیقەیەی بروایان پێی هەیە، ئینجا چینەکانی تریش، وەکو فۆرمێکی ئایدیاڵی چینی خۆشگوزەران وێنا دەکەن، لەبەرئەوە هەڵپەی دەستڕاگەیشتن بەو پێگەیە لە هزریاندا چەکەرە دەکات، لێرەوە ڤێبلن پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کولتووری چینەکان لەسەر بنەمای توندیی و پێکدادان وێنا ناکات، بەڵکو لەسەر بنەمای جیاوازیی لە بەرخۆریان، چینەکانی خوارەوە و کرێکاران، هەوڵی گەیشتن بەو چێژە دەکەن.

**چوارەم: بەرخۆری ڕواڵەتیی**

مرۆڤەکان، بەبەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، پێداویستییە سەرەتاییە فسیۆلۆژیی و ئەمنییەکانی دابین دەکات، بەڵام لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، ڕەنگە کۆمەڵێک گرووپ و تاکی سەربەچینی جیاواز هەبن، تەنیا بەمەبەستی سەرسامکردن و سەرنجراکێشی کەسانی تر و خۆنمایش کردن، جگە لەو پێداویستیانە، پەنا و هەڵپەی بۆ بکەن. بۆ هەندێک کەس تەنانەت ڕەنگە داواکاری بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان نمایشکارییەکان، لەپێش پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانەوە بێت. ئەو جۆرە هەڵپە و پەنابردنە بەر ئەو جۆرە لە کاڵا و کەلوپەلانە، جۆرێک لە ڕەزامەندیی و ئاسودەیی سایکۆلۆژی دابین دەکەن، بەڵام پێیان دەگوترێت بەرخۆریی ڕواڵەتیی(Hız, 2009: 39).

کولتووری بەرخۆریی ڕواڵەتی، یەکێکە لە چەمکە ناوەندیی و سەرەکییەکانی ڤێبلن، چونکە لەو ڕێگەیەوە زۆربەی سەرنجە وردەکانی دەربارەی پرسی بەرخۆریی، لەمیانەی فۆڕمی چینایەتیدا باس کردووە. چەمکی بەرخۆریی ڕواڵەتی لە هەندێک باردا، هاوشێوەیی هەیە لەگەڵ دیدگاکانی ماکس ڤێبەر، دەربارەی دەسەڵات و فۆڕمەکانی خۆنمایش کردن. بەگوێرەی ڤێبلن، هەموو ئەو کاڵا و کەلوپەلانەی کە پێویست نیین، دەرچەی دەربڕینی دەسەڵات، پێگە و خۆنمایش کردنن( Adorno, 2014: 129). بەپێی بۆچوونی ڤێبلن، زۆر پێش هاتنەئێو کایەی بەرخۆریی ئافرەتان، بەکارهێنانی کاڵاکان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو و وەک بەڵگەی دەسەڵاتی مادیی بوونی هەبوو. سەرەتای خەتوخاڵدانی ئەو پرۆسەیە لە جیاکاریدا، زۆر کۆنە و تەنانەت دەگەڕێتەوە پێش هەژموونداریی دەسەڵاتی مادیی، واتا دەکرێت بگەڕێتەوە سەرەتای فۆڕمەکانی ڕاو و شکاریی و داگیرکاریی بەربەریانە.

بەرخۆریی بێ بەرهەم و کاڵای مادیی، نیشانەی ئازایەتیی و دەرئەنجامی ڕێز و کەرامەتیی مرۆڤە. بەتایبەتی پلەی ڕێز و شکۆ لەڕێگەی بەرخۆریکردن لە کەلوپەل و شتی خوازراودا، زیاد دەکات. ئاسودەیی و کەم ئەرکیی ژیان، هی چینی خۆشگوزەرانە هەندێک خواردن و خواردنەوە، بەتەواوی بۆ چینی باڵا تەرخان کراوە. جیاوازی لە ڕێوڕەسمی خواردنەوەکاندا، بەباشترین شێوە بەدیدەکرێت، ئینجا ئەگەر ئەو کاڵایانەی بەرخۆریین، گران بن، ئەوا بە خانەدان و شەرەفمەندانە دادەنرێت(Veblen, 1899: 68-69). تەنانەت ئەو نەخۆشیانەی لە جەستەدا بەهۆی بەکارهێنانی خواردنەوە یان مادەی هۆشبەر دەردەکەوتن، شارەزایی و نەجیبزادەیی دەنواند، بەپێی شیکاریەکانی ڤێبلن، لە قۆناغە یەکەمەکانی سەردەمی نیمچە ئاشتیخوازیی و کەمێک پێش ئەوەش، بەکارهێنانی کاڵای بەڕەونەق، لەبەرئەوەی تایبەت بە ئاسودەیی نێرینە بوو، نیشانەی خاوەندارییەتیی و پلەبەرزیی بوو، بۆیە بەکارهێنانی بێسنووریی هەموو کاڵایەکی باش، تایبەت بوو بە پیاوانی چینی خۆشگوزەران( Say, 2018: 20). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەر بەتەنها ئەندامبوون لە چینی خۆشگوزەران بەس نییە، بۆ نمایش و بەرخۆریی ڕواڵەتی، بەڵکو کەسانی ناو چینی خۆشگوزەران، دەبێت بەردەوام سەرقاڵی لەگەڵ بەرخۆریدا هەبێت و، لەسەرووی هەموو ئەمانەوە دەبێت تایبەتمەند و لێزان بێت لە بەرخۆریی و نمایشکردنی کاڵاکانی وەکو: خواردن، خواردنەوە، دەرمان، پەناگە و شوێنی حەوانەوە، کەلوپەلی ڕازاندنەوە، جلوبەرگ، چەک و کەرەسەی یاریی و خۆشی دەربڕین.

بەبڕوای ڤێبلن، خەڵکانی سەر بەچینی خۆشگوزەران، کە سەرقاڵ و حەیرانی بەرخۆریی ڕواڵەتین، ڤێستیڤاڵ و ئاهەنگ ڕێکدەخەن، چونکە خواردن و خواردنەوەی نمایشکارانە لەڕێگەی ئەوەوە بەسەر میوانەکاندا دابەش دەکرێت، میوانەکان لەجیاتی

خانەخوێکە دەخۆن و دەخۆنەوە، هەموو شتەکانیش لەوێدا شکۆمەندییەک دەبەخشێت، ئەویش شکۆمەندی خانەخوێیە(Veblen, 2016: 31).

بەمشێوەیە، پیاوانی سەر بەچینی خۆشگوزەران، نەک تەنها کەمترین پێداویستی بۆ مانەوە و جەستە بەکار دەهێنن، بەڵکو خۆیان لە پێگەیەکدا دەبیننەوە کە بتوانن تایبەتمەند بن لە چۆنایەتی ئەو شتانەی دەیخوات و دەیخواتەوە، لەبەرئەوە بەئازادی باشترین خواردن، خواردنەوە، دەرمان، خزمەتگوزاری ڕازاندنەوە، جلوبەرگ، چەک و کەلوپەلی ڕابواردن بەکار دەبات، بەکارهێنانی هەموو ئەو شتانە، شتگەلێک بەیان دەکات، ئاماژەیە بۆ توانای بەردەوامبوونی لەسەر ڕێچکەی خۆشگوزەرانییەکەی، چونکە شکۆی بۆ وەدەست دەهێنێت و نیشانەی پێگەی کۆمەڵایەتییە لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەو بەشەی نوێنەرایەتی چینی خۆشگوزەران دەکات، لەڕووی پلەوپایە و ڕێزەوە، لە لووتکەی هەرەمی کۆمەڵگەدان، ئاستی ژیان و شێوازەکەیان دەبێتە نۆرمی پەسندکراوی نێو چین و توێژەکانی دیکە، لەنێو هەموو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەش، پەیوەستبوون شێوەیەک لە ئەرک وەردەگرێت(Çelik, 2019: 27). لە کۆمەڵگە هاوچەرخ و پیشەسازییەکاندا، ئەو هێڵە دیار و جیاکەرەوانەی لەنێوان چینەکاندا هەیە، لەمەڕ بەرخۆریی و چێژخوازی کاڵاکاندا، بەشێوەیەکی ناسەقامگیر و نادیار پەرەدەسەنن، لەم جۆرە بارودۆخانەی کە ئەو هەلومەرجانەی هەیە، ئەو نۆرمە ڕێزلێنانانەی سەر بەچینە باڵاکانن، لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگدا، تەنانەت بۆ چینی خوارەوەی کۆمەڵگە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان کاریگەری دەبێت. لەئەنجامی ئەمەدا، ئەندامانی هەر چینێکی تر، ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەی لە چینی باڵادا بوتە مۆدێل، وەک جۆرێک لە مۆدێل و ئەدەبێکی گونجاو بۆخۆیان وەریدەگرن و وزەکانیان بۆ ژیانکردن لەگەڵ ئەو ئایدیاڵە بەکار دەهێنن(Veblen, 1899: 79).

ئەگەر هاتوو، خەرجکردن وەکو نەریتێک، بۆ مەبەستی خۆدەرخستنی مادیی بێت، پێویستە وەکو بابەتی بەرخۆریی وێنا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەو خەرجکردنە ناتوانێ ببێتە نەریتێکی ئاسای بەرخۆریی ئەگەر بێتو پاڵپشتی مادیی یان سەرکەوتنی ئابوریی لەگەڵدا نەبێت(Veblen, 1899: 75).

ڤێبلن بەرخۆریی وەکو پرۆسەیەکی گۆڕاو وێنا دەکات، بەبڕوای ئەو، زۆر ئاساییە، ئاستی ژیان کە دەرگیریی بەرخۆریی دەبێت، وای لێبێت لەخەیاڵی کەسی بەرخۆردا وەکو پێویستییەک بۆ ژیان دابنرێت. بەمشێوەیە، ئەو توخمە لە بەرخۆریی، وەکو هەر لایەنێکی تری بەکارهێنانی ئاسایی، بەلای کەسانی بەرخۆرەوە گرنگ دەبێت. بەمانایەکی دیکە، زۆر جار ئەوە ڕوودەدات، توخمێکی بژێوی ئاستی ژیان لە بەرخۆریی پلەیەکەوە دەستپێدەکات، لەکۆتاییدا بە پێویستبوونی حەتمی کۆتایی دێت، ئەوەش ڕەنگە وەک هەر یەک لە توخمەکانی تری بەرخۆریی، ڕەنگە ببێتە بڕگەیەکی حەتمی بەرخۆریی(Veblen, 1899: 99).

لەو پرسەدا، ڤێبلن لەڕێگەی نموونەوە بابەتەکە باشتر دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە: فەرش کە یەکێکە لە باشترین نموونەکانی بەرخۆری ڕواڵەتیی، ئەو بابەتەی لەو بارەوە پێویستە بەهەند بگیرێت ئەوەیە ئایا ئەم تێچوونە ڕاستەوخۆ خزمەت بە باشترکردنی ژیانی مرۆڤ دەکات یان نا؟ هەرچەندە فەرش وەکو کاڵا و جلوبەرگیش وەکو پێویستی، ئەرک و سودێکیان هەیە، بەڵام بەهۆی بەرخۆریی کردن تێیدا، بەئاسانی دەتوانرێت پۆلێن بکرێن و ماناکانیان دیاری بکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئاشکرایە ئەوانە ڕاستەوخۆ ژیانی مرۆڤ باشتر ناکەن. بەمانایەکی دیکە، مەرج نییە بابەتی بەرخۆریی، لەڕادەبەدەر بەرخۆریی تیادا بکرێت، پاشان بخرێتە خانەی بەرخۆریی ڕواڵەتییەوە، کاڵاکان دەتوانن بەسود بن، لەهەمان کاتیشدا پرسگەلێکی ڕونی بەرخۆریی بن، تەنانەت دەتوانرێت، هەندێک کاڵا، کە بابەتی بەرخۆریین، سودی تەواویان بۆ مرۆڤ هەبێت، بەڵام لە وردبوونەوە تیایاندا، دەردەکەوێت لەبازنەی بەرخۆریی ڕواڵەتیدا دەخولێنەوە.

**پێنجەم: کاتبەسەربردن وەک خۆشگوزەرانیی**

بەبڕوای ڤێبلن، بەرخۆریی ڕواڵەتیی و کاتبەسەربردن، دوو چەمکی بەناویەکداچوون. لە کاتبەسەربردندا، کات و ماندوویەتی بەفیڕۆ دەڕوات، لە بەرخۆری ڕواڵەتیدا، کاڵاکان بەفیڕۆ دەچن. لەپرسی ئاماژەدان بە کاتبەسەربردن لای چینی

خۆشگوزەران، ڤێبلن ئەو بەفیڕۆدانە وەکو جۆرێک لە تەمبەڵیی و بێکاریی ناوزەند ناکات، بەڵکو پەیوەستە بەبەکارهێنانی بێ بەرهەمی کاتەوە، ئەندامانی چینی خۆشگوزەران، کردەی بەرهەم هێنان وەکو بێبەها و بێسود دادەنێن، لەبەرئەوەی پارە و سامانی {مادده} تەواویان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شتە نابەرهەم دارەکان، واتا گەرچی کردەکە لەبنەڕەتدا هیچ بەرهەم ناهێنێت، بەڵام بەهۆی خاوەندارییەتی و موڵکداریی چینەکانەوە، کاتبەسەربردن جۆرێکە لە چێژ. لێرەوە بەبڕوای ڤێبلن، چینی باڵا، کاتی خۆیان لە چالاکییەکانی بانگهێشتکردن، لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، یانەکان، ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتی و سرووتە هاوشێوەییەکاندا، بەسەر دەبەن، کە وەکو شێوەیە لە تایبەتمەندیی خۆیانی دەبینن.

کاتبەسەربردن لای چینی خۆشبژێو، زیاتر بۆ مەبەستی وەرگرتنی پەسندی خەڵکە، یا بزواندن و هەڵخڕاندنی ئیرەیی خەڵکی تر بەکاردەهێنرێت، لەم ڕێگایەشەوە باوەڕبەخۆبوون پتەوتر دەبێت. ئەو کەسانەشی کەبەدوای دەستبەتاڵیی و خۆشگوزەرانیی بۆ خۆنواندن دەکەون و خۆیان بەو کارانەوە سەرقاڵ دەکەن، هەوڵ دەدەن لەکۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا جۆرە ڕەفتارێک بنوێنن، نیشان بدات ئەوان دەتوانن بێ ئەوەی پێویستیان بە کارکردن هەبێت بە ئاسودەیی ژیان بەسەر دەبەن. لەنموونەی دەستبەتاڵیی وەکو: شارەزایی لە زمانە دەگمەنەکان، زانیاریی لەسەر زانستە سەیر و سەمەرەکان، گۆکردنی درووستی وشە و دەستەواژەکان، ناسینی هونەری جۆراوجۆر و تەماشاکردنی یاریە وەرزشییەکان، کاتبەسەربردن لەنێو ئەسپسواریی و سەگەڕاودا. مەسرەف بۆ کاتبەسەربردن وەکو جۆرێک لە ئەرکی سەرشانی خەڵکی لێهاتووە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە مۆدێرن و پیشەسازییەکاندا زۆر خەرجکردنی پارە، بەهایەکی کولتوورییە (دیلانی، ٢٠١٥: ٥٩٩-٦٠٠).

چالاکیە سیاسییەکان، ئاینییەکان، سەربازییەکان، جەنگ و وەرزشییەکان سەرقاڵیی و چالاکیە گشتیەکانی چینی خۆشگوزەران پێکدەهێنن. ئەو جۆرە چالاکیانە، کارێکی زۆر کەم یانیش هیچ جۆرە کارێکی بەرهەمداری تێدا نییە. ئەگەر بێتو شکۆدارەکانی نێو چینی خۆشگوزەران بێتو کارێکیش ئەنجام بدەن و هەوڵ بدەن، ئەوا لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی کۆمپانیا، بانکەکان و داراییدا کار دەکەن و ئەوان، بەشێوەیەکی زۆر فەرمی کارەکان ئەنجام دەدەن، چونکە لەبنەڕەتدا دورەپەرێزی لە کار، هەم کارێکی شەرەفمەندانە و شکۆدارانەیە، هەمیش مەرجێکی سەرەکی ڕەوشتی باش و بەڵگەداری سامانداریە. لەدیوێکی دیکەوە، ئەوەی ڤێبلن وەکو پیشەی مادیی ناوی دەهێنێت، بریتییە لە کشتوکاڵکردن، کاری دەستی و پیشەیی(Veblen, 2005: 204-205).

بەبڕوای ڤێبلن، بەسەربردنی کاتی بەتاڵ، گەورەترین هێمای سەرکەوتنە، لەبەرئەوە پێویستە هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانیان لەمیانەی بەسەربردنی کاتی بەتاڵیی، لەگەڵ چینی خۆشگوزەران و ستاندارەکانی بەرخۆرییان هاوئاهەنگ بێت. تەنانەت، ئەو چینە ماڵ، شوێنی کار، سامان و دەسەڵاتیان، وەک ئامرازی بەرخۆریی دادەنێن، لێزانیی و بەکارهێنانی ئامرازە گرانبەهاکان، نیشانەی ئیمتیاز و شکۆدارییە. لەبەرئەوە پرۆسەیەکی سروشتییە، کەلوپەل و کاڵا چێژبەخشییەکان، لە بەسەربردنی کاتدا، هێمای چینی باڵا بن، هەربۆیە هەندێک خواردن و خواردنەوە تایبەتن بە چینی خۆشگوزەران و بۆ ئەوان تەرخانکراون( Veblen, 1899: 73). چونکە چینی خۆشگوزەران، بەهۆی هێزی دارایی و مادییەکەیانەوە ئاسودەتر و گونجاوتر دەژین، ئینجا لەبەرئەوەی بەسەربردنی کات وەکو ئامرازی نمایشیی، ڕێگایەکی کاریگەر و پێشچاوە بۆ نیشاندانی سامان و پێگە، بەڵام لەسەرووی ئەمەوە ڕێگاکانی بەرخۆریی لێرەدا بەقەدەر گرنگیی بوونی سامانەکە گرنگن، بەڵام ئەو ڕێگایانەش دەکرێت لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاواز بێت، تەنانەت لەنێو کۆمەڵگەیەکیشدا دەشێت جیاواز بن.

بەشێوەیەکی سروشتی، مۆتیڤی گونجاو بۆ کاتبەسەربردن و کەیف و سەفا، بەشێوەی چێژبەخشیانە، بریتییە لە نەریتی کۆبوونەوەی جەژنەکان، ئەوەش ڕەنگە لە سرووتە ئاینییەکانەوە سەریهەڵدابێت، کە لە پێشهات و ئاهەنگەکانی دواتردا بە ئاشکرا دەردەکەون، بەڵام ناشبنە تاکە مۆتیڤ، دواتر ڤێستیڤاڵ و ئاهەنگەکانی کاتبەسەربردن لای چینی خۆشگوزەران بەردەوام دەبن، بەڵام وەکو پێداویستی و ئامرازیی کاتبەسەربردنن. بەهۆی ئەوەی چینی باڵا، پسپۆڕە لە هەڵبژاردنی شوێن، خواردن و

خواردنەوەکان و نەریتەکانیان، لەبەرئەوە ژیانی بەتاڵی خۆی، لەڕێگەی ئەو ناوەندانەوە و بەڕێگەی فێربوون، دەکاتە بەسەربردنی کاتی چێژخوازیی(Veblen, 1899: 61).

ئەوەی خاڵی جەوهەرییە لە دیدگاکانی ڤێبلن، بریتییە لەوەی بەسەربردنی کات، جۆرێکە لە بەها، بەڵام ئەو بەهایە کاتێک پێگەی هێمای چینایەتی هەیە، کە بەهاکە بەهێمایی دەکرێت، دەپەڕێتەوە بۆ پرسی جیاکاریی و چینایەتی، لەبەرئەوەیە بەسەربردنی کاتی بەتاڵ، وەکو کردەیەکی بێبەرهەم هێنانی مادیی دادەنرێت، ئەمەش شێوازی ژیانی خۆشگوزەرانانەیە. بەمانایەکی دیکە، کاتی بەتاڵ لەڕێی خاوەندارییەتی سامان و مادەوە، فۆڕمێکی تر وەردەگرێت، چونکە مادە لەو دەرچەیەوە نمایشی خۆی دەکات و شکۆ بۆ کەسەکە دەنوێنێ، لەبەرئەوەیە سەردانیکردن، گەشتکردن، یانەکان، وەرزشکردن و ئاهەنگەکان، ئامرازی چینایەتین، لە هەمان کاتدا بەپێی واقیعەکەش بەهای ئاسودەیی و ڕێزگرتنن.

بەمشێوەیە ڤێبلن ئەوە دەخاتە ڕوو، چینی خۆشگوزەران ناچار نییە هیچ جۆرە چالاکییەکی پیشەسازی {بەرهەمدارانە} ئەنجام بدات، واتا پێویستی بەوە نییە بە شەکەتبوونەوە بژێوی خۆی دابین بکات، چونکە یاسای چینی خۆشگوزەران واتا سەختگیریی و ئاستێکی بەرفراوانی کاتبەسەربردنی بێسنور دەگەیەنێت، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەمە، ڤێبلن نموونەیەک دەهێنێتەوە: هۆکاری وەبەرهێنانی پێڵاوێکی خانەدان یا جێنتڵمان، کەتانی ڕەسەن، کڵاوی برۆنزیی بریقەدار و گۆچان کە ویقاری خانەدانەکانی چینی خۆشگوزەران دەردەخات، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت ئەمانە وەها بیر دەکەنەوە، هەموو ئەو کەلوپەلانە، دەرخەری ئەوەن کە هیچ شتێک خۆیان دەستیان لە بەرهەم هێنانی ڕاستەوخۆیدا نییە، لەهەمان کاتیشدا، بەکارهێنانی ئەو کەلوپەلانە لە کەیف و سەفادا، هەر تەنها خزمەتی مەبەستی جوان دەرکەوتن ناکات، لەبەر تێچوون و گرانیەکەی، بەڵکو هێمای چینەکەش دەردەخات(Veblen, 2005: 117). ئینجا لەبەرئەوەی تەنها بوونی کاڵای شکۆدارانە بەس نییە بۆ کەسەکانی نێو چینی باڵا، بەڵکو شارەزایی و لێهاتوویی لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان بۆ کاتی بەتاڵیان {کاتی پشوو}، ئامرازێکی گرنگ و کارایە، چونکە ئەو ساتە گرنگترین کاتی سەلماندنی سەرکەوتنیانە(Öz, 2018: 25).

کەواتا، بەسەربردنی کاتی بەتاڵ، بەو ماوەیە وێنا دەکرێت کە چالاکیەکان بە ئازادیی و سەربەخۆیانە ئەنجام دەدرێن. ئەو ساتە وەها دادەنرێت لەدەرەوەی کاتی دابینکردنی پێداویستییە سەرەکیەکانی وەکو خواردن و خواردنەوە و شوێنی حەوانەوەیە. خوێندنەوە، خولیاکان، وەرزش، یاری، کاتبەسەربردن و تەنانەت پشودانیش، وەکو مەبەست و پێداویستی مادیی هەژمار ناکرێن، بەڵکو ئامانجی تر لەخۆیاندا هەڵدەگرن، هەموو ئەو چالاکیانە، هەڵگری مانا و شوناسی کۆمەڵایەتی، هونەریی و کولتووریین(Sabuncuoğlu, 2015: 370-371).

لەنێوەندی چینەکاندا، بەهای خۆدەرخستن، دیارترین بەهای باڵایە، ئامرازی ئەو بەهایەش بێگومان بریتییە لە بەسەربردنی کاتی بەتاڵ لەمیانەی چالاکیە جۆراوجۆرەکانەوە، ئینجا لەبەرئەوەی شێوازەکانی ژیانیان پێویستی بە نیشاندانی چین و گرووپەکانی تری کۆمەڵگە هەیە، بۆیە لەڕێی ئەو چالاکیانەوە گوزارشتکردن لە خۆ و شوناسیان دەردەخەن.

**شەشەم: تایبەتمەندییەکانی بەرخۆری ڕواڵەتیی**

بەرخۆریی ڕواڵەتیی، لەبەرئەوەی دەتوانێت مرۆڤ و دەوروبەری وا لێبکات شایەنی سەیرکردن و سەرسامی بێت، لەهەمان کاتدا ڕەزامەندی خۆی مەیسەر بکات و خۆی بۆ کۆمەڵگە بسەلمێنێت، وەکو بوونێکی خاوەن پێگە و شکۆدار، لەو ڕووەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی لە بەرخۆری ڕواڵەتیی دێنە کایەوە، شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنن، لەوانە:

یەکەم: گرانبەهایی: کەلوپەل و کاڵایەک، لەبەرئەوە جوانە پەیوەندی بە بەهای گرانییەوە هەیە، کە ڤێبلن وەکو *پێوەرێکی دراویی ڕێزلێگرتن* ناوی دەهێنا، واتا شتێک بۆ نمایش بکڕدرێت، مەرجە نرخەکەی گرانتر بێت لە بەرهەم و کەلوپەلەکانی تر. سەرباری ئەوەش، ئەو بەرهەمە نمایشکراوە گرانبەهایە، پێویستە باقی تاکەکانی تری کۆمەڵگەش سەرسام بکات، تەنیا لەو بارەدا، بەرخۆرییە ڕواڵەتییەکە ئامانجە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکەی چینەکەی پێکاوە. لێرەوە ڤێبلن، وای دەبینێت بەرهەمێک بەدەست

دروستکرا و بێت دەگمەن بێت، ئەوا بەهای نمایشیەکەی لە بەرهەمێکی ئامێری سودی کەمترە بۆ چینی خۆشگوزەران، لەکاتێکدا دەکرێت هەمان بەرهەم و کەلوپەل یەک ئەرک بەجێبگەیەنن و بەها دراویەکەشیان دەیان پلە جیاوازی هەبێت. واتا ڕەزامەندی لەسەر کاڵایەکان، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، چێژ لە ژیانی کەسەکەدا درووست دەکات(Uygyl, 2024: 26). ئەو ڕەزامەندییەی کاتێک تاکێک سەرقاڵی بەرخۆری ڕواڵەتیی بووە و وەدەست دێنێت، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کەسانی دەوروبەری بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و ڕەزامەندیان داوە، ئەمەش هێزی کڕینی بەرهەم و کەلوپەلەکەیە، نەوەکو خودی بەرهەمەکە، کەواتا گرانی بەرهەمەکە دەرخەری خودی بەرهەمەکەیە(Özdemir, 2018: 47).

دووەم: دەستبڵاویی و زیادەڕەوی: بەگوێرەی دیدگاکانی ڤیبلن، کاڵاکان لە ڕەهەندی بەرخۆریدا، دوو ئاستیان هەیە، ئاستی یەکەم بەرخۆریکردن و ئاستی دووەمیان سوودەکەی، جا ئەگەر بێتو کاڵاکان لە ڕەهەندی سوودبینینەوە ئەنجام بدرێن، ئەوا کەمتر دەچنە خانەی خودنمایشییەوە، بەڵام بەمەبەستی بەرخۆریکردن، ئەوە دەردەخات مەبەستەکە نمایش و دەرخستنی گرانی نرخی کاڵایەکە بووە(Hız, 2009: 23). لە دۆخێکی وەهادا، لەو کۆمەڵگەیانەی خاوەندارییەتی سامانی زۆر، بوونیان هەیە، لە بەرخۆریشدا زیادەڕەوییان هەیە، ئەو جۆرە لە بەرخۆرییەشی بۆ دەرخستنی چینی بۆرژوا و ئەریستۆکراتییەت بووە. بەکورتی بۆئەوەی شکۆدار دەربکەون، پێویستە بەرخۆریی بکەن و دەستبڵاو بن(Veblen, 1899).

سێیەم: چێژ و پێگە: پێگەی کۆمەڵایەتی لێرەدا، ئاماژەیە بۆ ئاستی خۆشگوزەرانی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی سەرقاڵی بەرخۆری ڕواڵەتین، هەروەها چێژیش، هەر تەنها پەیوەست نییە بە چینی باڵاوە و بەس، تەنانەت لە ولاتانی تازە پێگەیشتوو {کەمتر پێگەیشتوو}، تاکەکان حەزی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ دەکەن، بەڵام مەبەستەکەیان هەڵپە و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە چینی باڵا، واتا تەنها لاسایکردنەوەیەکە بۆ گەیشتن بە چێژ و پێگەی چینە باڵاکە خاوەندارییەتی دەکات(Topçu, 2020: 57).

چوارەم: لاسایکردنەوە: لەنێوەندی بیرۆکەکانی ڤیبلن، چەمکی لاسایکردنەوە بۆیە سەریهەڵدا کە تاکەکانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە لاسایی خوو و کاڵاکانی چینی باڵا دەکەنەوە. لاسایکردنەوە، لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی بەرخۆریی بێسود(Veblen, 1899). لەم ڕوانگەیەوە، چینی خۆشگوزەران یا باڵا، هەمیشە نوێنەرایەتی بەرهەم هێنانی کاڵا و کەلوپەلەکان دەکەن، پاشان هەمان کاڵا، بەنێو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە شتێکی باو، لەو ساتەدا، چینی باڵا پەنا بۆ بەرهەم هێنانی شتی تر دەبەن، چونکە تێبینی دەکەن کاڵاکانیان بووەتە شتێکی ئاسایی، لێرەوە بەشێوازێکی تر، کاڵای تر بەرهەم دەهێنن، ئەمەش لەپێناوی پاراستنی پێگەی خۆیان، ئەم پرۆسەی بەرهەم هێنانە بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت.

پێنجەم: وەدەست خستن و دەستڕاگەیشتن: ئەو کاڵایانەی لەڕووی داراییەوە بۆ زۆرێک لە تاکەکان ئاسانن و دەستیان دەگاتێ، بە کاڵای ئاسایی دادەنرێن، لەبەرئەم هۆکارەیە ئەو جۆرە وەکو کاڵای شکۆدار دانانرێن، چونکە تاکەکان ناتوانن لەبەینی خۆیاندا بەراوردیی بکەن. بۆ نموونە ئەو کاڵایانەی لەڕێی ئامێرەوە بەرهەم دەهێنرێن، هەرزانن، جا لەبەرئەوەی دەستکەوتنیان ئاسانە و ڕێژەیەکی زۆریشیان هەیە، لەبەرئەوە وەکو کاڵایەک بۆ بەرخۆریی و نمایشی ڕواڵەتیانە هەژمار ناکرێن(Veblen, 1899).

شەشەم: نیشاندان: کاڵای بەکارهاتوو، بەو مەرجە بەرخۆری تیادا دەکرێت، بتوانێت دەسەڵات و سامانی ئەو تاکانەی بەکاری دەهێنن نیشان بدات و سەرسامی دەوروبەریان بەدەست بهێنن، هۆکارەکەشی ئەوەیە سامانەکە بەتەنیا بەس نییە بۆ دابینکردن و مسۆگەرکردنی پێگەکەی لەنێو کۆمەڵگەدا(Öz, 31). لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، ئاسانکارییەک هەیە بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی و کاڵاکان، ئەمەش وایکردووە حەز و سەلیقەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کەمتر دەربکەون و ناڕوون دەمێننەوە، زیادبوونی ئاسان دەستڕاگەیشتن بەو کاڵا مادییەکان، بوەتە هۆی سڕینەوەی سنورە چینایەتییەکان. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش، هێشتا کاڵا بەرچاوەکان، جیاوازیی نێوان چینەکان بە ئاشکرا ڕووندەکاتەوە(Yıldız, 2021: 79).

**حەوتەم: هۆکارەکانی برەودان بە بەرخۆری ڕواڵەتیی**

گرنگترین هۆکارەکانی درووستبوونی شێوازە جیاجیاکانی بەرخۆریی، وەکو هۆکارمەندی نمایشکردن، بریتییە لە دەرخستنی ئاستی داهات و چینە کۆمەڵایەتییەکەی و ئاراستەی دەکات. لەبەرئەوەی هۆکارەکانی نمایش و خۆدەرخستنن، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئاستی داهاتی تاکەکان و خوو و بیرکردنەوەی چینەکەیانەوە هەیە(Acar, 2000: 47). لەو نێوەندەدا و بەسەرنجدان لە دیدگاکانی ڤێبلن و، هاوکات ئەو دونیا شاراوەی لەپشت تێزەکانیەوە خۆی مەڵاسداو، دەکرێت هۆکارەکانی پشتی بەرخۆریی رواڵەتیی و کاتبەسەربردنی چێژخوازنە، بەمشێوەیە کورتبکەینەوە:

یەکەم: پێداویستییەکان: کۆمەڵێک پێداویستی هەیە، لەژیانی مرۆییدا بنەڕەتین و مرۆڤ وەکو پێداویستی مانەوە سەیریان دەکات، بەڵام لەنێو کۆمەڵگەی بەرخۆردا، هەندێک لە بەرهەم و کاڵایەکان، گەرچی هۆکارمەندی نمایشن، بەڵام لای مرۆڤەکان وەکو پێداویستی سەرەکی دادەنرێن، ئەمەش لای خۆیەوە ئاڵۆزییەکی تەواو لەبەینی پێداویستی ڕاستەقینە و ساختە دێنێتە کایەوە.

دووەم: زیادە بەرهەم هێنان و جۆرایەتی کاڵاکان: لەگەڵ زیادبوونی بەرهەم هێنان و جۆراوجۆری کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، بەکاربەران، مەیلیان بۆ بەرخۆریی لە ئاستی سەرنجراکێشیی و نمایشی، ئەمەش لەژێر کاریگەری ڕیکلامە سەرنجراکێشەکان، وەک ئەوەی زۆرترین پێویستیان پێیەتی، لەکاتێکدا لەبنەڕەتدا گرنگ و سەرەکیی نیین.

سێیەم: بەدەستهێنانی شکۆ و پێگەی کۆمەڵایەتی: تاکەکان دەیانهەوێت لە چینێکی باڵای کۆمەڵگەدا دەربکەون، بەراورد بەو چینەی لەبنەڕەتدا تیایدا ئەندامن. ئەوە دەتوانرێت بە وەرگرتنی شکۆ و قەدرگرانیی هەژمار بکرێت، تەنانەت خواستی تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو شکۆ و پێگەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی قبوڵکردن و، تەنانەت لاساییکردنەوەی شێوازەکانی بەرخۆریی لەلایەن ئەوانەی وەکو چینی باڵای کۆمەڵگە دادەنرێن.

چوارەم: زیادبوونی ئاستی داهات: ئاستی داهات و مەیلی بەرخۆریی دوو ڕەهەندی پەیوەست بەیەکن، لەو ساتەی ئاستی داهات بەرزدەبێتەوە، مەیلی بەرخۆریی و شێوازەکانی پراکتیزەکردنی زۆر دەبێت و تەنانەت دەشگۆڕێت، لەهەمان کاتدا نزمبوونەوەی ئاستی داهات مەیلی بەرخۆریی دەوەستێنێت یانیش کەمیدەکاتەوە، گەرچی لەزۆربەی بارەکاندا، ئەوانەی ئاستی داهاتیان جێگیرە و پەیوەستن بە دونیای بەرخۆریی و کاتبەسەربردنی چێژخوازانە، ئەوا لەسەر هەمان ڕیتمی چینەکەیان بەردەوام دەبن و پراکتیزەی خواستی خوو و فکرەکانی چینەکەیان دەکەن.

پێنجەم: بەرزبوونەوەی ئاستی پەروەردە و گۆڕانکاریی پیشەیی: پەروەردە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر گۆڕان و گەشەسەندنی کۆمەڵگە و بزاوتی کۆمەڵایەتی هەیە، لەگەڵ گۆڕانی ئاستی پەروەردەدا، بەشێک لە خوو و بیرکردنەوەی تاکەکانیش دەگۆڕێت. بۆ نموونە خوی بەرخۆریی تاکەکەسی ڕەگەزی مێ، بەتایبەتی ئەوانیە سەربەخۆیی ئاوریان بەدەستهێناوە، لە ژنی ماڵەوە چونەتە ناو هێزی کار و بەرهەم هێنانەوە. ئەمانە دەتوانن ببنە هۆکار و نموونەی دیاری بەرخۆریی. لێرەوە، ژینگەی نوێ، لە ئاستی گۆڕانکاریی پەروەردەییەوە دەپەڕێتەوە بۆ گۆڕانی پیشەیی، پاشان لەگەڵیدا خوەکانی بەرخۆریی هەم دەگۆڕێن و هەمیش پانتاییەکی زیاتر داگیر دەکەن.

شەشەم: گۆڕانکاری ژینگەیی (پانتایی فیزیکی): هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاری لە ژینگەدا، دەتوانرێت گۆڕانکاری لە خووەکانی بەرخۆریشدا بەدی بکرێت. بە تایبەتی شارنشینی و کۆچکردن، لە گۆڕانی ژینگەییدا جێگەیەکی گرنگیان هەیە. لەگەڵ گۆڕانی ژینگەدا زۆرجار ئاستی داهاتی تاکەکان، ئاستی خوێندن، پێکهاتەی پیشەیی و پێکهاتەی کولتووری دەگۆڕدرێن و کاریگەرییان لەسەر دەبێت. بەرکەوتە لەگەڵ ئەو ژینگەی نوییە و ئاشنابوون بە ڕەفتار و خووی نوێ، وادەکات لەگەڵ ژینگە نوێیەکەدا، خووەکانی بەرخۆریش بگۆڕێن. بەتایبەت ئەو دیدگایە ڤێبلن لەنێوەندی کۆمەڵگەی مۆدێرندا وەکو کاریگەری فاکتەری بەپیشەسازیبوون و دونیای سەرمایەداریی وێنای دەکات، لەبەرئەوەیە بەبڕوای ئەو دونیای مۆدێرن، شێوازەکانی بەرخۆریی لەنێوەندی چینەکاندا هەم جیاوازن و هەمیش ئاستیان بەرزترە. سەرباری هەموو ئەمانە، ڤێبلن دوو مەرج دادەنێت، بۆئەوەی بەرهەم و کاڵایەک وەکو ڕەگەزی بەرخۆریی دابنرێت، یەکەم، بریتییە لە گرانیی بەرهەمەکە، ڤێبلن ئەمە بەپێوەری سەرەکی

شـکۆمەندی کەلـوپەلەکە دادەنێـت، بەو شـێوەیە شـکۆمەندی و پـێگەی کـۆمەڵایەتی بەوەوە دەپێورێـت، کە چ بەر هەمێـک بکڕێـت. پاڵتۆیەکی هەرزان، بەواتای پیاوی هەرزان دێت. دووەم، بەرهەمەکە دەبێت سەرنجراکێش بێت و لەڕووی جوانکارییەوە هەم لای کەسی بەرخۆر و هەمیش لەلایەن تاکەکـانی دەوروبەرەوە ستایش بکرێت، کـاڵای بەرخۆریی، تەنهـا کاتێـک شـایەنی ستایشن کە گـران بـن و نمـایش بکـرێن. ئەو شـتانەی نمـایش دەکـرێن، بەڵام سەرسـامی لای کەسـانی تـر درووسـت نـاکەن، نـاچنە خـانەی بەرخۆرییەوە، چونکە لەبنەڕەتدا هەستی ئیرەیی لای ئەوانیتر دروست ناکەن( Zorlu, 2006: 164; Veblen, 2005/1899 and Hız, 26-27: 2019).

**هەشتەم: لاساییکردنەوە (Imitation )**

بەوپێیەی ڤێبلن پێـی وابـوو، فۆڕمەکـانی سیسـتەمی سـەرمایەداریی لە کـۆمەڵگە مۆدێرنەکانـدا پێویسـتی بەوەیە پەرە بە بەرخـۆریی بـدات، لەبەرئەوە سـەرنجی لەسـەر لاسـایکردنەوە بـوو، وەکـو فـۆڕمێکی گەشـەی سیسـتەمەکانی ژیـانی کـۆمەڵایەتی. بەواتایەکی دیکە، ڤێبلن کاتێک لەنێو سیستەمی سەرمایەداری مۆدێرندا، جەخت لە خاوەندارییەتی تایبەتی مادە دەکاتەوە، پێداگری لەسـەر ئەوە دەکات بەرخـۆریی لەو کۆمەڵگەیـانەدا، زۆر زیـاترە لەوەی کـۆمەڵگەکە پێویسـتی پێیەتـی. واتـا لە هەوڵـدان بـۆ مـانەوە گۆڕاوە بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ لەڕێگەی شتە مادییەکانەوە، بێگومـان ئەمەش خواستێک دروست دەکات، لەپێنـاوی بەدەستهێنانی شکۆ و پێگەی کۆمەڵایەتی (Edgell, 2015: 119). لێرەوە ڤێبلن وای دەبینـی هۆکارەکـانی زۆربـوونی کاڵاکـان و فراوانبوونی بازاڕەکان، لاساییکردنەوەیە، ئەویش نایەکسانی دابەشبوونی مادە و بـوونی چینە جیاوازەکـان، هێندەی تر برەوی بەو پرسـە داوە، چینەکـان خۆیـان، بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ، لەڕێـی میکـانیزمی لاسـاییکردنەوەوە، لە بـازنەی کاڵاکانـدا دەسـوڕێنەوە. لەبەرئەوەی بەردەوام چینی باڵا هەوڵی بەرهەم هێنانی دیدگای نوێیە و ڕەفتار و گوفتارەکـانی دەکـاتە ئایدیای بـاڵای کۆمەڵگە، ئیتر لێـرەوە پرسـی لاسـاییکردنەوە، سـەرهەڵدەدات(Varul, 2006: 8). پـێگەی چینـی خۆشـگوزەران، بەهـۆی دەسـەڵاتداریی و هەژمونـدارییەوە، مۆدێلێـک لە قەدرزانیـی و ڕێـز دابـین دەکـات، ئەمەش وادەکـات زۆرێـک لە تایبەتمەنـدییەکانی ژیـان و شـێوازی کۆمەڵایەتی خۆی، بەسەر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا بسـەپێنێت. بەشێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ، بەسـەپاندنی ئەخلاقێکی مـادیی و سەختکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی چینـی خـوارەوە، چینـی خۆشـگوزەران و خۆنـوێن و هەڵەخەرج، خۆی لەسەرانسـەری کۆمەڵگەدا بڵاو دەکاتەوە و جێگەی خۆی دەسەپێنێت، ئەو خۆسەپاندنەش، دوژمناکارانە و چەوسێنەرانەیە. بێگومان لێرەدا ئەو تایبەتمەنـدیانەی چینی کاتبەسەربردن و بەرخۆر دەپارێزرێن، لە ئەنجامدا جۆری سروشتی مرۆیـی، کە چینـی سـەرەوە خواستیەتی، بڵاودەبێتەوە و چینەکانی خوارەوە دەتوێنەوە(Assimilate)(Veblen, 2005: 160-161).

چینی خوارەوە و چینی مامناوەند، لاسایی خووی بەرخۆریی چینـی خۆشـگوزەران دەکەنەوە، بەڵام ئەو خـوو و ڕەفتـارانە بە کۆمەڵێـک فلتەر و ئاستدا تێدەپەڕێت، واتـا هەنـدێکجار بڕیـاری زۆرە ملـێ دەدرێت، لەمەڕ ڕێزگرتنـی بەهاکـانی چینـی بـاڵا و ملکەچیان دەکەن، هەڵبەتە کۆمەڵێک بەربەستیش لەو نێوەندەدا دێنە کایەوە. ئەوەی گرنگە، لە ئەنجامدا تاکەکان لەهەر چینێکی تری کۆمەڵگە بن، شێوازی ژیانیان کە لە چینە باڵاکانەوە هـاتووە، دەکەنە مۆدە و وەکـو جۆرێـک لە لێهـاتووی ژیـان وەریدەگرن، وزەی خۆشیان بەگوێرەی ئەو بەها باوانە خەرج دەکەن(Veblen, 2016: 79). لێرەوە بەگوێرەی ڤێبلن، لاسایکردنەوەی مۆدە و فاشیۆن سەرهەڵدەدات، ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو مۆدە و فاشیۆنەش، تەنها ئەرکی کەسێکی ناو خێزان نییە، کە لەچینێکی تـری کـۆمەڵگەیە، بەڵکو دەکەوێتە سەر هەر یەک لە تاکەکان، تەنانەت نزمترین و کەم دەرامەتترین چینی ناو کۆمەڵگەش، ئـارەزووی خۆدەرخستن و لاساییکردنەوەی شێوازەکانی لا درووست دەبێت.

هەروەهـا ڤێـبلن، تێبینـی ئەوەی کـرد چینەکـانی خـوارەوە لاسـایی باشـترینەکان دەکەنەوە، کاتێـک دەیـانەوێ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرەو پێش بچن، لەبەرئەوەیە سیستەمی پیشەسـازی دەستدەکات بەبڵاوکـردنەوە و هەرزانترکردنـی کاڵاکـان، ئیتر خوو و شێوازی ژیانی چینی باڵا {خۆشگوزەران}، دەستدەکات بەبڵاوبوونەوە بـۆ ئاست و چینەکـانی خـوارەوە، ئەمەش جۆرێـک لە

دینامیکیەت درووست دەکات، چونکە چینەکانی سەرەوە کە لاسایی دەکرێنەوە، جۆرێکی تری گرانبەها و ئاڵۆزتر پەیڕەو دەکەن، لەپێناوی پارێزبەندی لەوانەی هەوڵدەدان بەرەو پێگەی ئەوان بەرز ببنەوە(Varul, 2006: 4). بەمانایەکی دیکە، چینی سەرەوە بەردەوام بەدوای پەرەپێدانی شێوازی بەرخۆریی و ڕەوتی مۆدەی نوێدا دەگەڕێن، تاوەکو لە چینەکانی تر جیا ببنەوە، ئەمەش لەناواخنی خۆیدا وەکو هێزێکی بزوێنەر سەرهەڵدەدات کە بزوێنەری نوێبوونەوە و پەرەسەندن و بەردەوامیی کولتووری بەرخۆرییە(Gültekin, 2007: 244).

بۆ نموونە، سەبارەت بە لاساییکردنەوەی کەلوپەل و کاڵایەک، بەکۆمەڵێک هەستی نادیارەوە، هەموومان کەلوپەلی ئۆرژیناڵ و ڕاستەقینە پەسندتر دەکەین و نرخیشی زیاترە لە جێگرەوەیەکی هەرزانبەها، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێگوێدانە ڕاستەقینەییەکەی، لاسایی دەکرێتەوە و بەکاردەبرێت، لێرەدا گرنگ ئەوەیە لەگەڵ هەستەکاندا بگونجێت. هەرچەندە کاڵا لەبەرگیراوەکە، دەتوانێت تارادەیەک سەرکەوتوانە دەربکەوێت، ئەگەر نەکەوێتە بەر پشکنینی وردەوە، بەڵام کاتێک دەردەکەوێت ساختەیە و ڕاستەقینە نییە، بەهای جوانیی و تەنانەت بازرگانیەکەشی بەخێرایی دادەبەزێت(Veblen, 2005: 116). نموونەیەکی تر، سەبارەت بە لاساییکردنەوە، ڤێبلن دەڵێت لە کۆمەڵگە شارستانیی و مۆدێرنەکاندا، لەو ساڵانەی دوایدا ڕیش تاشین بووەتە شتێکی باو، بەڵام ئەمە شتێکی کاتییە و بۆ خۆپارێزییە لە خزمەتکار و چینی خوارەوە، کە لای ئەوان مۆد بوو، دواتر دەگەڕێنەوە سەر ستایلی باب و باپیران، کە لای ئەوان ڕیش هەمیشە وەکو جیاکاری بەکارهاتووە(Veblen, 127).

لەڕاستیدا، پێگەی دەسەڵات و مۆدێلی ژیانکردنی چینی خۆشگوزەران، شێوازێکی بەیان کردووە، وایکردووە زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی چینی خۆشگوزەرانبەسەر چینەکانی تری کۆمەڵگەدا بسەپێت. لەدەرئەنجامیشدا، ئەو شێواز و تایبەتمەندیانە بەردەوام ئیلهامیان لەو سەرچاوەیەوە، وەرگرتووە. کەناڵی دیار لەوەی کە ئەو تایبەتمەندیانە بەسەر کایەکانی تری کۆمەڵگەدا بڵاو دەکەنەوە و گرەنتی بەردەوامیشیان دەداتێ، بریتیین لە خزمەتکارەکان، ڕەنگە گرنگترین کەناڵیش بن، چونکە بیرۆکە و تایبەتمەندیی ژیانکردنی ئەوان لەلایەن ئەفەندییەکانیانەوە لەقاڵب دەدرێت، لەهەمان کاتدا هەڵگری کۆمەڵێ پاشخانن کە لەچینی خوارەوەڕا هێناویانە، بەمشێوەیە دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت ئایدیاڵی ئەفەندییەکانیان بڵاو بکەنەوە، بەبێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدەن(Veblen, 160).

**نۆیەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

ئەنجامە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

1. ڤێبلن لە بەستێنی (Context)ی مێژووییەوە شرۆڤەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان دەکات، لەو نێوەندەشدا باسی چۆنیەتی پەرەسەندن و هاتنەکایەی چینەکان دەکات، کە تیایدا مەبەستی سەرەکی ئەو بریتییە لە کاریگەریی و چۆنیەتی سەرهەڵدانی چینی خۆشگوزەران، لەبەرئەوە بەبڕوای ڤێبلن سەردەمی پیشەسازی مۆدێرن، دیارترین قۆناغی هێزی چینی خۆشگوزەرانە، چونکە لەو قۆناغەدا بەتەواوی ئەو چینە دەبێتە چینێکی خاوەن شکۆ و پێگەی کۆمەڵایەتی، هاوکات بەیارمەتی سیستەمی سەرمایەداریش، بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانیان دەخەنە ڕوو، لەو پێناوەشدا سەرمایەی مادیی دەخەنە خزمەت دەرخستنی ئەو پێگەیە، لەبەرئەوە لەئەنجامدا دەردەکەوێت کە چینی خۆشگوزەران ڕەگێکی مێژوویی هەیە و لەمۆدێرنیتەدا پلەیان دەگاتە لوتکە و کولتووری بەرخۆریی لەژیانی کۆمەڵایەتیاندا ڕەنگدەداتەوە.
2. یەکێکی تر لە ئەنجامەکان بریتییە لەوەی کە ڤێبلن بڕوای وایە خاوەندارییەتی کردنی مادیی لۆژیکێک بەرجەستە دەکات کە تاکەکان دەتوانن بازنەی جیاکاری خۆیان لەگەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە دیاری بکەن، واتا لۆژیکی پارە دەتوانێت شکۆ و پێگەی کۆمەڵایەتی زیاتری بۆ دەستەبەر بکات، ئەو جیاکارییە تەنانەت لە ئاستی بەخێوکردنی ئاژەڵ، ڕوەک و جوانی ڕوخساریشدا ڕۆڵی هەیە، لەبەرئەوەیە ئەندامانی چینی خۆشگوزەران، بەرخود لەگەڵ ئەو کەلوپەل و کاڵایانەدا دەکەن کە شکۆ و پێگەیان لەنێو کۆمەڵگەدا بەرز دەکاتەوە و لای ئەندامانی تری کۆمەڵگە بەرز دەنرخێنرێن.

3. دیارترین تایبەتمەندیی چینی خۆشگوزەران لای ڤێبلن بریتییە لە بەرخۆریی ڕواڵەتیی، چونکە پەیوەستبوون بەو دیاردەیە پێویستی بە توانایەکی مادیی تەواو هەیە، لەبەرئەوە بەرخۆریکردن لە کاڵا مادییەکان و نیشاندانی بە کەسانی دەوروبەر کاری ئەندامانی چینی باڵای کۆمەڵگەیە، لێرەوە ڤێبلن کولتووری بەرخۆری ڕواڵەتیی دەبەستێتەوە بە توانای پەیوەستبوون بە کاڵا گرانبەهاکان، یانیش ئەو کاڵا مادیانەی شکۆ و پێگەی کۆمەڵایەتی دەردەخەن، هەموو ئەمانە بەبڕوای ڤێبلن لەسەردەمی کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا برەوی تەواویان هەیە، چونکە چینی باڵا خواستی جیاکاریی هەیە و لەو پێناوەشدا دیاردەی بەرخۆری ڕواڵەتیی وەکو ئامرازێکی گرنگ و سەربەخۆ دەبینێت. لەلایەکی تریشەوە ئەنجامێکی تری پەیوەست بەوە ئەوەیە لای ڤێبلن کاتبەسەربردن بەمەستی چێژ و خۆنمایشکردن، کاری چینی باڵایە، لەبەرئەوە چالاکییە سیاسییەکان، وەرزشە باڵاکان، ئەسپسواریی، یانەکان و گەشتەکان، کردەی چینی باڵان و هێمای دیاری خۆنمایشکردنن، هەموو ئەمانەش دەبنە دەرچەی نیشاندانی شکۆی چینەکە، لەبەرئەوە چینی باڵا کاتی دیاریکراو تەرخان دەکەن بۆ ئەوەی بەهای خۆیان دەربخەن و پێگەی چینەکەیان نمایش بکەن.
4. یەکێکی تر لە ئەنجامە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی ڤێبلن ئاماژە بە چەمکی لاسایکردنەوە دەدات، وەکو ئامرازی برەودان بە کولتووری بەرخۆریی و جیاکاری چینایەتی، واتا چینی باڵا لەڕێگەی بەرهەم هێنانی کاڵاکان و بەهاکانیان، هەوڵدەدان هەژموونی خۆیان لەنێو کۆمەڵگەدا بەرجەستە بکەن، لەهەمان کاتدا، چینەکانی تری کۆمەڵگە لاسایی ئەو بەها و بیروباوەڕانە دەکەن و هەوڵدەدەن بەرخۆریی لەو کاڵایانەدا بکەن کە چینی خۆشگوزەران دەیخەنە نێو کۆمەڵگەوە، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەوەیە لەساتی چەسپانی ئەو بەهایانە لەنێو چینەکانی تردا، ئەوا چینی خۆشگوزەران هەوڵدەدەن لەو بەهایانە دوورەپەرێز بن و هەوڵدەدەن بەها و پەوەری نوێ دابهێنن، هەڵبەتە هەموو ئەو کردانەش لەپێناوی پارێزگاریکردنە لەو پێگە و شکۆیەی کە لەنێو کۆمەڵگەدا هەیانە، هاوکات بازنەی جیاکاری خۆیان و ڕەهەندی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان لەنێو بازنەیەکی سەربەخۆدا ببیننەوە.
5. لەکۆتاییدا، ئەنجامی گشتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی چینی خۆشگوزەران، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتەری کۆمەڵایەتی، کولتووریی و ئابووری، پەسندی بەرخۆریی ڕواڵەتیی و ژیانێکی چێژخوازیانە دەکات، بەتایبەتیش لەبازنەی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیاندا بەتەواوی ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێک هۆکارە تاوەکو ببنە جێگەی ستایش و چاولێکەریی، لەبەرئەوە چینی باڵا لای ڤێبلن نوێنەرایەتی بەها چێژخواز و پێشچاوەکان دەکات، چونکە لەنێوەندی سیستەمدا خاوەندارییەتی سامانی مادیی دەکەن و وەکو خاوەندارییەتی فەزای کۆمەڵایەتی، خۆیان دەردەخەن.

## Resources


1. Acar, A. (2000), “Gösteriş Tüketimi”, Ekonomik Ve Teknik Dergi Standard, Sayı: 457: 38-50.
2. Adorno, T. W. (2014). Kültür Endüstrisi-Kültür Yönetimi. (N. Ülner, M. Tüzel, & E. Gen, Çev.) İstanbul: İletişim Yayınları.
3. Bozkaya. Şeyma (2015). İktisadi Düşünce Tarihinde T. B. Veblen. Niğde Üniversitesi. Yüksek Lisans Tezi. Niğde.
4. Çelik, Özcan (2019) Veblenin Gösterişçi Tüketim Kültürünün Sosyal Paylaşım Ağlarında Yansıması: Instagram. Marmara Üniversitesi. Yüksek Lisans Tezi. İstanbul.
5. Delaney, Tim. (2015). Classical Social Theory: Investigation And Application. Translate: Shexani, Xalid. Birayar Publication. Saqz.
6. Dever, Ayhan. (2022). Spor Ve Toplumsal Sınıf. Ankara Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi. Cilt: 2. Ss. 38-49.

7. Edgell, Stephen. (2015). Veblen In Perspective-His Life And Thought. Routledge. London And New York.
8. Gültekin, M. (2007). George Simmel'in Düşüncesinde Modern Topum Ve Tüketim Kültürü. Elektronik Sosyal Bilimler Dergisi, 6(20), 229-245.
9. Hız, Gülay. (2009). Gelişmekte Olan Ülkelerde Gösterişçi Tüketim: Türkiye İle İlgili Bir Araştırma-Muğla Örneği. Muğla Üniversitesi. Yüksel Lisans Tezi. Muğla.
10. Kanacı, Hatice. (2018). Mali Sosyolojiye Veblen Ile Bakmak. Ankara Üniversitesi. Yüksek Lisans Tezi. Ankara.
11. Kızılkaya, Ertuğrul İbrahim. (2001). Thorstein B. Veblenin İktisad Düşüncesi: Kapitalizmin Ruhuna Farklı Bir Bakış. İstanbul Üniversitesi. Doktora Tezi. İstanbul.
12. Öz, Abdulla. (2018). Sosyal Medya Ortamında Gösterişçi Tüketim: Bir Uygulama. Harran Üniversitesi. Yüksek Lisans Tezi. Şanlıurfa.
13. Özbek, Suat. (2019). Düzenleyici Etki Analizine Farklı Bir Bakış: Veblenci Kurumsal İktisat. Galatasaray Üniversitesi. Yüksek Lisans Tezi. İstanbul.
14. Özbey, Mert Mehmet. (2020). Sosyal Medya Kullanımın Gösterişçi Tüketim Eğilimleri Üzerine Etkisi: Thorstein Veblen Teorisi Ve Instagram Örneği. Girne Amerikan Üniversitesi. Yüksek Lisans Tezi. Girne.
15. Özdemir, N. İ. (2018). Gençlerin Gösteriş Tüketimi Eğilimleri Üzerine Bir Alan Araştırması: Konya Örneği. S. 6-19.
16. Sabuncuoğlu, Ayda. (2015). İletişim Çalışmaları. Sakarya Üniversitesi Yayınları. Sakarya.
17. Say, Hüseyin. (2018). Gösterişçi Tüketim Bağlamında Karl Marx Jean Baudrillard Mukayesesi. Balıkesir Üniversitesi. Yüksek Lisans Tezi. Balıkesir.
18. Toğan, Soykan. (2024). Veblenci Bir Bakışla Piyasa Organizasyonunun İncelenmesi: Türkiye Reklam Piyasası Üzerinde Bir Okuma. Bartın Üniversitesi. Yüksek Lisans Tezi. Bartın.
19. Topçu, U. E. (2020). Gösterişçi Tüketimin Kökenleri: Benlik, Sosyal Statü Ve Tüketici Meteryalizmi. S. 151-185.
20. Trigg, Andrew B. (2001). Veblen, Bourdieu , And Conspicuous Consumption. Journal Of Economic Issues. Vol. 35. No. 1: 99-115.
21. Uygul, Merve. (2024). Sosyal Medya Kullanımı Ve Veblenin Gösterişçi Tüketim Kavramı Üzerine Ampirik Bir Araştırma. Kırklareli Üniversitesi. Yüksel Lisans Tezi. Kırklareli.
22. Varul, Matthias Zick. (2006)Waste, Industry And Romantic Leisure Veblens Theory Of Recognition. European Journal Of Social Theory. Vol. 9. No. 1. Pp. 103-117.
23. Veblen, T. B. (2016). Aylak Sınıfın Teorisi: Kurumların İktisadi İncelemesi. (E. Kırmızıaltın, & H. Bilir, Çev.) Ankara: Heretik Yayınları.
24. Veblen, Thorstein. (1899). The Theory Of The Leisure Class. Copyright. New York.
25. Veblen, Thorstein. (2005). Aylak Sınıfın Teorisi. Çev.(Gültekin, Zeynep & Atay, Cumhur). Babil Yayınları. İstanbul.

26. Yildiz, E. (2021). Gösterişçi Tüketim Eğilimi Ve Sosyal Medyada Gelişimleri Kaçirma Korkusunun Tüketicilerin Termal Otel Tercihlerindeki Etkisi. Sivas: Sivas Cumhuriyet Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü.
27. Zorlu, A. (2006) Üretim Ve Tüketim Teorileri: Üretim Kapitalizminden Tüketim Kapitalizmine, Global Yayınları, Ankara.